Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

**Journal of University of Garmian**

https://doi.org/10.24271/garmian.2023.10209

# بەرەنگاری لە شیعری ژنانی کورددا (مەهاباد قەرەداغی) بە نموونە

**سالار عوسمان**

وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان

**پوختە:**

کورد گەورەترین نەتەوەی چەوساوە لە مێژوودا، بەهۆی ئەم گۆشەگیرییە و لە پێناو ئازادیدا؛ شەڕێکی دوور و درێژی هەیە و، مێژوویەکی دوور و درێژی قوربانیدانی هەیە. بە پێی ئەم پێوەرە کورد لە ژێر ناوی ئەدەبی بەرخۆدان بەرهەمی ئەدەبی خۆی هەیە. لێکۆڵینەوەکە لە دوو بەش پێکهاتووە، بەشی تیۆری و بەشی پراکتیکی، کە لە بەرامبەردا نموونەی شیعرەکانی شاعیری کورد مەهاباد قەرەداغی، سەبارەت بە هەڵوێست و بەرهەمەکانی کە تایبەتمەندی بەرخۆدانیان هەیە. ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە بریتییە لە (بەرخۆدان لە شیعرەکانی ژنی کورد - مەهاباد قەرەداغی وەک نمونە)، هەوڵێکی زانستی بێگەردە بۆ نیشاندانی خۆڕاگری لە شیعرەکانی ژنانی کورد.

***Article Info***

Received: July, 2022

Revised: July, 2022

Accepted August, 2022

***Keywords***

ئەدەبیاتی بەرخۆدان، مەهاباد قەرەداغی،گۆشەگیریی

***Corresponding Author***

## پێشـەکی

ئەگەر ژیان بریتی بێت لە ماف، شکۆ و ئازادی مرۆڤ، ئەوا ئەدەبی بەرەنگاری، لە نێویشیدا شیعری بەرەنگاری، ئەدەبی ژیانە، چونکە ئەدەبی بەرەنگاری بە دوای ژیان، ماف و ئازادیدا وێڵە، کەواتە ئەدەبی بەرەنگاری بەر لەوەی دژی ستەمی داگیرکەران بێت، ئەدەبی ژیان و هەڵگری ماناکانی ژیاندۆستە.

کورد مەزنترین نەتەوەی ژێردەستە لە مێژوودا، بەو پێودانە دەبێ خاوەنی مەزنترین ئەدەبی بەرەنگارییش بێت، پێدەچێ هەر وایش بێت، کەم دەقی ئەدەبی کوردی هەیە، جۆرێک لە گیانی بەرەنگاری تێدا نەبێت، لە نێویشیاندا شیعر کە زۆرترین پانتایی وەرگرتووە.

ئەم لێکۆڵینەوەیە: (بەرەنگاری لە شیعری ژنانی کورددا، مەهاباد قەرەداغی بە نموونە)، هەوڵێکی زانستییانەی خاکەڕایە بە ئاراستەی باسکردنی بەرەنگاری لە شیعری ژنانی کورددا و لایەنە پراکتیکییەکەیشی بریتیە لە نموونە شیعرییەکانی شاعیری هاوچەرخی کورد مەهاباد قەرەداغی، کە هەم ژیان و هەڵوێستەکانی، هەمیش دەقە شعرییەکانی لەبارترین بۆ لێکۆڵینەوەیەکی لەم چەشنە.

ئەم لێکۆڵینەوەیە، جگە لە پێشەکی، ئەنجام، لیستی سەرچاوەکان و پوختەی لێکۆڵینەوەکە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی، لە(3) سێ بەش پێکهاتووە.

بەشی یەکەم:(ئەدەبی بەرەنگاری: زاراوە، چەمک، مێژوو و شرۆڤە)، جگە لە ڕوونکردنەوەی زاراوە و چەمکی ئەدەبی بەرەنگاری ، باس لە مێژوویەکەی و شرۆڤەی پێویستیشی بۆ کراوە.

لە بەشی دووەمدا:(بەرەنگاری لە شیعری ژنانی کورددا)، باس لە کورد و ئەدەبی بەرەنگاری و دواتریش باس لە شیعری

بەرەنگاریی ژنانی کورد کراوە و لایەنی مێژووییەکەیشی ڕوونکراوەتەوە.

لە بەشی سێیەم و دوماهیدا: (بەرەنگاری لە شیعری مەهاباد قەرەداغی - دا)، بە وردی و لە چەند ڕوویێکەوە و بە نموونەوەرگرتن لە دەقە شیعرییەکانی مەهاباد قەرەداغی - دا، چەمکی بەرەنگاری زەلال و شرۆڤەکراوە.

## بەشی یەکەم

## ئەدەبی بەرەنگاری: زاراوە، چەمک، مێژوو و شرۆڤە

### ١-١ زاراوەی ئەدەبی بەرەنگاری

جاری بەر لەوەی زاراوەی ئەدەبی بەرەنگاری ڕوون بکەینەوە، پێویستە باس لە ئاریشەی زاراوەکە بکەین، کە هەندێ جار لەگەڵ بەرگری، هەندێ کەرەتیش کەم یا زۆر لەگەڵ ئەدەبی سیاسی، یا ئەدەبی نەتەوەیی، یا ئەدەبی نیشتمانی تێکەڵ دەکرێت، کە هەریەکە، لەگەڵ هەبوونی پێوەندیی نێوانیان، لێ جیاوازییان هەیە، بۆیە پێویستە لە بەکارهێنانیان ووردتر بین.

بەرەنگاری: (مقاومة - Resistance)، لەزمانی کوردیدا (دەگشڕاچوون)1ی پێدەوترێت، وەک زاراوە و چەمک، جگە لەوەی لە بەرگری فراوانترە، بەهێزتر و بەرنامەدارتریشە.

سەبارەت ئەدەبی سیاسی، ئەدەبی نەتەوەیی و ئەدەبی نیشتمانی - یش دیارە جیاوازن و زۆر بە کورتی:

- ئەدەبی سیاسی بریتییە لە :(ئەدەبێکی زیندوو، کە گوزارشت لە ئازاری مرۆڤی چەوساوە دەکات2، ئەم پێناسەیەی (عبداللە الطنطاوي) ئەگەر لە ڕووکەشیشدا ڕاست بێت، بەڵام ڕێگە لەوە ناگرێت قووڵتر لەو چەمکە (ئەدەبی سیاسی) بڕوانین، چونکە مەرج نییە هەموو کردەیەکی سیاسی، تەنانەت دەقی ئەدەبی سیاسیش هەر ڕەنگدانەوەی ئازارەکانی مرۆڤی چەوساوە بێت، یا باشتر بڵێین هەر بەرەنگاری بێت، لەوانەیە ستایش، پیاهەڵدان، یانژی پشتگیری بێت.
- ئەدەبی نەتەوەیی بریتییە لە: ئەدەبی نەتەوەیەکی دیاریکراو کە هەڵگری خەسڵەتە زمانی و کلتوورییەکانی نەتەوەکەیەتی، کە دەکرێ بەشێکی بەرەنگاری بێت نەک هەمووی، بە واتایەکیتر، دوو ئەدەبی لەیەکتر جیان و ئەگەر پێوەندیشیان پێکەوە هەبێت، لێ هەر یەک خودان تایبەتمەندیی خۆیەتی.
- ئەدەبی نیشتمانی: ئەدەبی نیشتمانێکە، کۆکراوە لە هەموو جیاوازییەکانی ئەو نیشتمانە، کە هیچ مەرج نییە پێکەوە لەگەڵ ئەدەبی بەرەنگاریدا تێکەڵ بکرێت، چونکە نیشتمان و ڕەهەندەکانی، هێندە فراوانن، کە هەڵیە، نەک لەگەڵ ئەدەبی بەرەنگاری، بگرە لەگەڵ ئەدەبی نەتەوەییش تێکەڵ بکرێت.
- دوای ئەم کورتە ڕوونکردنەوەیە، کەواتە ئێستێ دەکرێ بڵێین: بەرەنگاری ئەو زاراوە ڕاست و پڕبەپێستەیە، کە ئێمە مەبەستمانە، چونکە ئێمە مەبەستمانە لە ئەدەبێک بدوێین، کە ڕووبەڕوو دەبێتەوە، کە دەیەوێت واقیعی کرێت بگۆڕێت، کە دەیەوێت لە پێناو باشەدا بە گژ خراپەدا بێتەوە، کە دەیەوێت لە پێناو ئازادیدا بەرەنگاری ستەم بێتەوە.

### ٢-١ چەمکی ئەدەبی بەرەنگاری

بەرەنگاری بریتیە لە کۆی هەموو ئەو هزر، هەوڵ، ئامراز، کار، کاردانەوە، بەرهەم ، نووسین و دەقانەی کە بۆ مانەوە لە کاردان، بەو پێودانگە، ئەدەبی بەرەنگاریش بریتیە لە هەموو ئەو بەرهەمە ئەدەبییانەی لە کاردان بۆ مانەوە، مانەوەی مرۆڤ، خاک، ماف و سەرلەبەری ئەو بەهایانەی بە دەوری مافەکانی مرۆڤەوەن، واتە مەسەلەکە گەورەترە لەو چوارچێوەبەندییەی، کە هەندێ نووسەر و لێکۆڵەر تایبەتی دەکەن بە بوارێک لە بوارەکان، بۆنموونە تەنێ (ئەدەبی جەنگاوەرەکان)3، نییە، یا مەرج نییە تەنێ (لەسەنگەری بەرەنگاربوونەوەی داگیرکەرانەوە)4 بنووسرێت، یانژی مەرج نییە هەر (پێوەندی بە سیستەمی ناوەوەی دەوڵەت)5، هەبێت،دیسان، ئەگەر ئەو پێناسانە لە خۆوەدەستدانی یەکەمدا ڕاستیش بن، لێ لە دووتوێی تێگەیشتنی فراوان بۆ چەمکەکە کورت دێنن و دەرقەتی گەورەیی چەمکەکە نایەن، چونکە بەرەنگاری هەوڵی مرۆڤە بە درێژایی دیرۆک لە پێناو مانەوەدا، مانەوە بە هەموو ماناکانی، نەک هەر مانا سیاسییەکەی و بەس، ئەدەبی بەرەنگاریش هەروەسا، هەوڵی ئەدەبیی مرۆڤە بۆ مانەوە، مانەوە بە هەموو ماناکانییەوە.

بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەو تێگەیشتنە دەکرێ بڵێین: مرۆڤ بەر لەوەی بوونەوەرێکی سیاسی بێت، بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە، بەر لە دروستبوونی کۆمەڵگەیش مرۆڤ لەگەڵ کۆمەڵە گروپی بچووکدا ژیاوە، بەر لە گرووپیش خۆی و خانەوادەکەی، لەو ساوە تا ئێستا مرۆڤ هەڕەشەی لە سەرە، لە قۆناغی منداڵییەتی مێژوودا هەڕەشەی سروشت و دواتر لەگەڵ دروستبوونی گرووپی بچووکدا هاڕەشەی ژیان، ژیان بە مانا کشتوکاڵییەکەی و دواتریش دەگەڵ هەراشبوونی گرووپەکان و دروستبوونی کۆمەڵگادا هەڕەشەی سیاسی و کلتووری و تا ئێستایش هەڕەشەکان، لێ بە ناو و پاساوی جیاوازەوە هەر بەردەوامن، لە هەموو ئەو قۆناغە جیاوازانەدا مرۆڤ هەڕەشەی لەسەر بووە و لە پێناو مانەوەدا بەرەنگاری کردووە، ئەدەبیش تەریب لەگەڵ ئەم هەوڵەدا، زارەکی و نووسراو، کۆن و نوێ، بە هەموو ژانرەکانییەوە بەشێک بووە لەو بەرەنگارییە و تا هەنووکەیش بەردەوامە، کەواتە ئەدەبی بەرەنگاری ئەدەبی مرۆڤایەتییە لە پێناو مانەوە لە سەرجەم بوارەکاندا.

### ٣-١ مێژووی ئەدەبی بەرەنگاری

بۆ ئەوەی باس لە مێژووی ئەدەبی بەرەنگاری بکەین، دەستپێک پێویستە ئەوە ڕوون بکەینەوە، کە بەرەنگاری کردەیەکی سروشتیانەی مرۆڤە بە درێژایی دیرۆک، لەو کاتەوەی کە ئەدەبیش پەیدا بووە، کە دەکرێ ناوی لێنێین ئەدەبی سەرەتایی، ئەدەبی بەرەنگاریش دروست بووە، چونکە وەک چۆن مرۆڤ و بەرەنگاری لێکتر جیا نابنەوە، ئەدەب و بەرەنگارییش لە یەکتر جیا نابنەوە، کەواتە ڕەگوڕیشەکەی زۆر کۆنە و بۆ ئەو سەرەتایە دەگەڕێتەوە، کە مرۆڤ هەست و هەڵوێستەکانی خۆی خستۆتە نێو دەربڕینە جوانەکانەوە.

هەر لە نێو باسی مێژووی ئەدەبی بەرەنگاریدا، ئەگەر باس لە ئەدەبی بەرەنگاری بکەین وەک زاراوە، ئەوا زۆر کۆن نییە و (لە کاتی شەڕی جیهانیی دووەمەوە وەدەرکەوتووە)6.

بە پێی ئەو تێگەیشتنە مێژووییە، لەوەتەی واقیعی خراپ هەیە بەرەنگاری هەیە، واقیعی خراپیش لە کوشتنی قابیلەوە دەست پێ دەکات و تا ئێستا بەردەوامە و هەر بەردەوامیش دەبێت، ئەدەبی بەرەنگارییش، کە (دەربڕینێکە لە ڕەتکردنەوی ئەمری واقیع)7، لە دایکبووی نێو واقیعە خراپەکانە، بەڵام بە ئاراستەی گۆڕینی پۆزەتیڤ، کەواتە لەگەڵ دەستپێکردنی ئەدەب، ئەدەبی بەرەنگاری هەبووە.

ئەدەبی بەرەنگاری وەک زاراوە و دواتر پۆلینکردنی لە نێو زانستی ئەدەبدا، لە کاتی جەنگی جیهانی دووەمەوە (١٩٣٩-١٩٤٥) هاتۆتە ئاراوە، بۆیە زۆربەی لێکۆڵەران دەیبەستنەوە بە جەنگ، شەڕ، ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمن، تەنانەت هەندێک ئەولاتریش دەڕۆن و پێیانوایە، ئەدەبی بەرەنگاری دەبێ لە نێو سەنگەرەکانەوە بنووسرێت و نووسەرەکەی دەبێ لەیەککاتدا موعین بەسیسۆ ئاسا(دەستێکی چەک و دەستەکەی تری قەڵەم بێت)8.

ئێستا ئێمە لە بەردەم پرسیارێکداین، ئایا ئەو ئەدەبەی لە دەرەوەی شەڕ و جەنگدا دەنووسرێت و پڕاوپڕیشە لە بەرەنگاری چ ناوێکی لێنێین و ئایا بەرەنگاریی مرۆڤ هەر تەنێ بریتیە لەو بەرەنگارییەی لە نێو سەنگەرەکانی شەڕ و جەنگدا دەکرێت، یان بەرەنگاری چەمکێکی فراوانترە و کاتی ئەوە هاتووە بە دیدێکی نوێترەوە شرۆڤە بۆ چەمکی ئەدەبی بەرەنگاری بکەین؟

## ١-٤ شرۆڤەی چەمکی ئەدەبی بەرەنگاری

بۆ بەرسڤی پرسیاری پێشوو، واتە بۆ باشتر شرۆڤەکردنی چەمکی( ئەدەبی بەرەنگاری)، وا باشە بە (٣) سێ تێگەیشتنی جیاواز، یا بە (٣) سێ پۆلینی جیاوازی مێژووییەوە چەمکی ئەدەبی بەرەنگاری شرۆڤە بکەین:

١- ئەدەب کردەیەکی بەرەنگارییە
٢- ئەدەب واقیعگۆڕە
٣- ئەدەبی جەنگ، مەزنترینیانە

### ١- ئەدەب کردەیەکی بەرەنگارییە

ئەگەر ئەدەب یەکەم گۆکردنی جوانیی مرۆڤ بێت، کەواتە کردەیەکی بەرەنگارییە بە ئاراستەی گۆکردنێکی جیاواز، لە خولْقاندنی هەردوو چەمکی جوانی و جیاوازی -یشدا بەرەنگاری هەس، چونکە هەم جوانی، ئەگەر هەبێ و بیخەیتە نێو دەربڕینی جوان، یان ئەگەر نەشبێ و بتەوێت بیخوڵقێنیت، لەهەردوو حاڵەتدا بەرخوردکردنە لەگەڵ سەرووی واقیعێک، بەرخورردکردن لەگەڵ سەروو، سەرووێکی نادیار، بەرەنگارییە لەگەڵ واقیعی ئاسایی: واقیعی خوارەوە.

سەبارەت چەمکی جیاوازی، ئەدەب خۆی هەڵگری خەسڵەتگەلی جیاوازییە، جیاوازیش جۆرێکی ڕژدی بەرەنگاربوونەوەیە، چونکە خولْقاندنی هەر جیاوازێک بەرەنگاربوونەوەی باوێکە.

بەم تێگەیشتنە، دشێین بێژین: ئەگەر ئەدەب جوانی و جیاوازی بێت، کە هەروایشە، کەواتە کردەیەکی بەرەنگاریی هونەریانەی مرۆڤە و لەوتەی مێژوویش هەیە مرۆڤ قەرزاری ئەو پرۆسەە: بەرەنگارییە هونەریەیە، کە ژیانی مرۆڤەکانی بەرەو باشی گۆڕیوە.

### ٢- ئەدەب واقیعگۆڕە

لەوەتەی مرۆڤ هەیە شەڕی واقیع دەکات، واقیع پڕە لە ناڕێکی، لە ناباشی، لە ناجوانیی و مرۆڤ بەردەوام لە هەوڵی گۆڕینی ئەو واقیعە ناڕێک و ناباش و ناجوانەدایە بەرەو واقیعێکی ڕێک و باش و جوان، ئەوەی توانای ئەو گۆڕینەیشی هەیە، نووسەرەکانن، کە هەم باشتر واقیع دەبینن، هەمیش لە ناسینی کەرەسەکانی گۆڕان شارەزاترن، لە نێو نووسەرەکانیشدا ئەدیبەکان باشترینیانن، چونکە ئەدیبەکان خاوەن فراوانترین خەیاڵ و جوولەترین زمان و تەنانەت شیانی ئەوەیان هەیە لەگەڵ نادیاریشدا بەرخورد بکەن، لەم هاوکێشەیەدا:(گۆڕینی واقیع لە ناباشەوە بەرەو باش)، بەشێکی بەرخوردکردنە لەگەڵ نادیاردا، چونکە واقیعی ناباش ئەزموونکراوە، واتە هەیە: دیار، بەڵام واقیعی باش، کە ئەدیب لە ئەنجامی گۆڕینی واقیع هەوڵی بۆ دەدات، واقیعێکی نائەزموونکراوە، واتە جارێ نییە: نادیار، ئەمەیش پتر کاری ئەدیبەکانە، کە وەک پێشتر گوتمان خودان فراونترین خەیاڵ، جوولەدارترین زمان و بەرخوردکردن لەگەڵ نادیاردان.

بەرەنگاری ئەرکە سەرەکییەکەی بریتیە لە گۆڕینی واقیع بەرەو باش، کەواتە ئەدەبی بەرەنگاریش، بە هەموو توانا و کەرەسە هونەری و مەعریفییەکانیەوە واقیعگۆڕە، چونکە لە هەموو حاڵەتەکاندا ئەدیب کائینێکی نارازییە، دەیەوێت بوون، ژیان، وێنە و تێگەیشتنێکی ترمان نیشان بدات، تەنانەت هەندێ کەڕەت دەیەوێت تێگەیشتنی باو بۆ زمانیش بگۆڕێت و زمانێکیترمان نیشان بدات، ئەویش لە پەنای ئەو پرسیارەی: ئایا قسەکردن لە نادیار، گۆڕینی واقیع، داهێنان بە هەمان ئەو زمانە دەکرێت، کەوا لە نێو دیار، واقیع، ناداهێنان دایە؟..

هەموو ئەمانە بابەتگەلێکی قسەهەڵگرن، هەر بۆ نموونە ناداهێنان چۆن پێناسە بکەین؟..ئەرێ زمانی ڕۆژانەی خەڵک دەشێ داهێنان دروست بکات؟..ئەرێ دەقە ئەدەبییەکان، کە ئەدەب خۆی ئەستێرەیەکی نێو فەلەکییاتی داهێنانە، وابەستەیە بە زمانی ئاسایی: ڕۆژانە: جڤاک: ڕێزمان و فەرهەنگ؟..ئەی ئەگەر زمان، دوای خەیاڵ، کەرەسە سەرەکییەکەی ئەدەب بێ و ئەدەبیش درەختێک بێ لە زەوی داهێنان، بۆ زمان نەگۆڕێت و نەکەوێتە نێو ئەو چەمکەوە: ئەدەب واقیعگۆڕە؟.. بەو تێگەیشتنە زمانیش خەسڵەتی بەرەنگاربوونەوەی هەیە، کەواتە ئەدەب لە ڕێگەی هەر سێ چەمکی: خەیاڵ، زمان، کارکردن لە نادیاردا، هێزێکە واقیعگۆڕ و بەردەوام لە بەرەنگاریدایە.

### ٣- ئەدەبی جەنگ، مەزنترینیانە

بۆ پتر شرۆڤەکردنی چەمکی ئەدەبی بەرەنگاری، دوا پۆلینی مێژوویی بریتیە لە ئەدەبی جەنگ، ئەو ئەدەبەی دەقەکانی چوون جەنگاوەرێک لە جەنگدایە، جا ئەگەر نووسەری دەقە ئەدەبییەکە خۆیشی جەنگاوەر بێت، واتە خۆی و دەقەکەی لە سەنگەردا بن، ئەوا دەقەکە پەیامدارتر و بایەخدارتر دەبێت، بەو پێودانە، دەقی ئەدەبی جەنگ (٢) دوو جۆرە:

یەک: دەقی ئەدەبی جەنگ لە نێو سەنگەردا.

دوو: دەقی ئەدەبی جەنگ لە دەرەوەی سەنگەردا.

مرۆڤ و جەنگ، پرسێکی مێژوویی بەیەکەوە گرێدراون، لەوەتەی مرۆڤ هەیە جەنگیش هەیە، جا جەنگەکە هەر جۆرێک بووبێ و هەر ناو و پاساوێکی هەڵگرتبێ و لەهەر قۆناغ و دەرەتانێکی مێژوویی بووبێت، هەر جەنگە، بۆیە لێرەدا و بۆ پتر شرۆڤەکردنی ئەو چەمکەی ئێمە مەبەستمانە: (چەمکی ئەدەبی بەرەنگاری) ، بە باشی دەزانین (٢) دوو جۆر لە جەنگ دەستنیشان بکەین:

**یەک:** جەنگی بێدەنگ: بریتیە لە هەموو ئەو جەنگە خودی، ڕۆحی و هزرییەی نووسەری دەقی ئەدەبی لەگەڵ ناوەوەی خۆیدا هەیەتی، کە دەشی ناوی (جەنگی نەرم)یشی لێنێین، ڕاستە جەنگێکی نەرم و بێدەنگە بۆ دەرەوەی خۆی، بەڵام لە نێوخۆیدا پڕە لە دەنگ و ململانێ و کێشمەکێش، دەرهاوێشتەکانیشی پڕن لە باندۆر و بە واتایەکیتر وەرگرەکانی: خوێنەران دەخاتە ژێر کاریگەری و گۆڕانەوە، کە ئەمەیش بۆ خۆی:(کاریگەری و گۆڕان)، بەشێکن لەو فاکتەر و کەرەسە و پێویستیانەی، کە بەرەنگاری پێویستیەتی.

**دوو:** جەنگی بەدەنگ: بریتیە لەو جەنگەی لە سەنگەرەکانی ڕووبەڕووبەنەوەی چەکداریدا دەکرێت و کەرەسەکانی گوللە و ئاگرن و گەورەترین دەنگ لە مێژوودا دروست دەکەن، تەنانەت هەندێ جار، جگە لە مرۆڤ و گیانلەبەر، لەگەڵ خۆیاندا سروشت و تۆپۆگرافیا و جوگرافیایش وێران دەکەن، ئەم جەنگە و دەنگەکانی، ئەم جەنگە و ماڵوێرانییەکانی، ڕووبەڕووبوونەوەیان کارێکی ئاسان نییە، ڕاستە چەک و هێز و پارە گەورەترین و بە هێزترین کەرەستەی ئەو ڕووبەڕووبوونەوەن، لێ وەستانیدیان هەر تەنێ بە چەک و هێز و پارە ناکرێت، ئەویش لەبەرئەوەی، کە جەنگ لە بنەڕەتدا ئەقڵیەتە، ئەقڵیەتە، کە دواتر دەبێتە پارە و چەک و هێز و حەزی شەڕەنگێزی، بۆیە لە پاڵ چەک و هێز، شەڕی ئەو ئەقڵیەتەیش شەڕێکی بنەڕەتییە و دەقی ئەدەبی جەنگ دەکاری لەو پێناوەدا:(ڕووبەڕووبوونەوەی کلتووری ئەقڵیەتی جەنگ)، کە ئەدەب بەشێکی ڕۆشن و کاریگەری کلتوورە، ڕۆڵ و نەخشێکی مەزن بگێڕێت، کە گێراویەتی، ئێستا، کە ئێمە قسە دەکەین، بەشێکی مێژووی ئەدەبی مرۆڤایەتی، لە نێویشیاندا مێژووی ئەدەبی کوردی بریتیە لە ئەدەبی جەنگ، ئەو ئەدەبە ئینسانییەی، کە بەردەوام لە ڕێگەی وشەوە، لە ڕێگەی وێنە وشەییەکانەوە شەڕی گوللە و ئاگری کردووە و لە پاڵ مەزلوماندا وەستاوە و زاڵم و شەڕەنگێزەکانی ڕیسوا کردووە.

هەموو ئەم تێگە و تێگەیشتنە ئەدەبیانەی باسمانکردن، بە هەبوونی جیاوازیی و وێکچوونیانەوە بریتین لە ئەدەبی بەرەنگاری، ئەو ئەدەبەی دەیەوێت ژیان، شکۆ، ئازادی و ماف بۆ مرۆڤەکان بگەڕێنێتەوە.

## بەشی دووەم

## بەرەنگاری لە شیعری ژنانی کورددا

### ٢-١ کورد و ئەدەبی بەرەنگاری

لەوەتەی کورد هەیە نەحەساوەتەوە، بەردەوام لەگەڵ نەیار و ناحەز و دوژمنەکانیدا لە ململانێ و شەڕدایە، هۆکارەکەیشی ئەوەیە، کە خاکەکەی داگیرکراوە و دەیەوێت، بە ئاشتی یا بەشەڕ، وەریگرێتەوە یا ئازادی بکات، لێ داگیرکەران، لەلایەک لەبەر ئەقڵیەتی پاوانخوازی و لەلایەکیتریشەوە لەبەر ترسیان لە کورد و کلتوورە ژیاندۆستەکەی، هەرگیز دەستی ڕاستینەیان بۆ ئاشتی نەهێناوەتە پێش، لە شەڕیشدا نابەرانبەری هێز هەمیشە کوردی لە نێو شکستدا جێهێشتووە، دوا هەوڵی ئاشتیانەی کوردیش گشتپرسییەکەی ٢٥ ی ئەیلولی ساڵی ٢٠١٧ بوو، کە ویستی لە ڕێی میکانیزمی دیموکراسییەوە:(گشتپرسی) ڕای گەلی کوردستان وەربگرێت و لەو ڕێگەیەوە، بەشێوەیەکی ئاشتیانە و بە گفتوگۆ لەگەڵ عێراق چارەسەرێکی سەردەمیانە بۆ ئەو ڕەوشە نالەبارە بکات کە تیایدایە، ئاکام بینیمان نە عێراق و نە هەر (٣) سێ وڵاتی دراوسێیش:(ئێران، تورکیا و سووریا)، کە ئەوانیش هەریەکە و بەشێکی خاکی کوردستانیان داگیرکردووە، نەک هەر نەیانتوانی بەرگەی وەڵامی گشتپرسیی گەلێکی ئاشتیخواز بگرن، بگرە ئاکام گورزێکی سەربازیی ئەوتۆ بە هەرێمی کوردستانی عێراق کەوت، کە زیانە هەمەجۆر و هەمەلایەنەکانی بە ئاسانی هەژمار ناکرێن و لە مێژووی کوردیشدا هەرگیز لە یاد ناچنەوە.

کورد وەک چۆن بڕوا و پێشمەرگە و چەکی بەرگری هەیە و لەسەنگەری بەرەنگاریدایە و بڕیاریداوە تا گەیشتن بە ئازادی و سەربەخۆیی کۆڵنەدات، ئاوایش بەشێک لە ئەدەبەکەی، خودان بڕوا و گیانی پێشمەرگانەیە و وشەکانی چەکئاسا لە سەنگەری بەرەنگاریدایە و بڕیاریداوە تا گەیشتن بە ئازادی و سەربەخۆیی، وشە و پەیڤ و وێنە و دەقە ئەدەبییەکانی لە شەققەی باڵ بدەن.

کورد هەر تەنێ لە بواری شۆڕش و جەنگدا خودان ئەدەبی بەرەنگاری نییە، کە بە دڵنیاییەوە ئەمەیان: بواری شۆڕشگێڕی بە ترۆپکی ئەدەبی بەرەنگاریی دادەنرێت، بەڵام لە بوارەکانیتریشدا، بە نموونە: لە بواری مافی ئافرەت، یەکسانی، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، لێبووردەیی، ژیانذۆستی و جوانییشدا خودان ئەدەبێکی ئەوتۆی بەرەنگارییە، کە لێوڕێژە لە پەیام، جوانی و داهێنان.

وێدەچێت، لەو کاتەوەی کورد گۆی کردبێت و جوان پەیڤیبێت _ چونکە ئەدەب بریتییە لا پەیڤینی جوان _ گیانی باشەی دەگەڵ خۆیدا هەڵگرتبێت، هەموو هەڵگرتنێکی گیانی باشەیش (٢) دوو مانای سەرەکی هەیە: یەکەمیان ئەوەیە، کە ناباشییەک هەیە و دووەمیشیان بەرەنگاربوونەوەی ئەو ناباشییەیە، جا لە هەر بوارێک بووبێت، لێ، کە ئێمە قسەمان لە مەڕ ئەدەبی بەرەنگارییە، وا پێویست دەکات ڕێک بچینە نێو دەقی ئەدەبی بەرەنگاریی، دەقی ئەدەبی بەرەنگاری بەو تێگەیشتنەی بانگ و هاواری مانەوە دەکات، ڕێ لە زوڵم و بەر بە دوژمنان دەگرێت و لە پێناو ئازادیدا تێدەکۆشێت.

سەرچاوەکان، یا باشتر بڵێین ئەو لێکۆڵینەوە زانستییانەی هەن، بە شێوەیەکی پەرت و بڵاو، ساغنەبووەوە لەو بارەیەوە دواون، بەڵام بە پێی ئەو گەڕان و پشکنینەی ئێمە، یەکەمین دەقی ئەدەبی بەرەنگاری لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا، بریتیە لە دەقە شیعرێکی (بابا سەرهەنگی دەودانی)، کە لە ناوچەی هەورامان/ ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سەدەی چوارەم ژیاوە و مردووە9.

بابا سەرهەنگ لە شیعرێکدا، کە تژییە لە گیانی بەرەنگاری دەڵێت:

**پەی ئامانتان، پەی ئامانتان**
**گرد ئامادەیان، پەی ئامانتان**
**ئەز مەڵهەم مەنیە و ئەزمانتان**
**مەڕسەم وەهەق ئیمانتان**

واتە: خۆتان ساز و ئامادەبکەن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی داگیرکەران و منیش دەگەمە لاتان و تۆڵەی ڕابەرە لە خوێن شەڵاڵەکانتان دەسێنم،...... کاتێک (بابا سەرهەنگ) هەواڵی کوژرانی هاوئایین و هاوزمان هاونیشتمانیانی بە دەستی هۆردووی داگیرکار دەبیستێ و هەواڵی بە دیلچوونی شەن و کەنیکان دەژنەوێت، دەداتە کێوەکانی هەورامان و بانگەوازی ئاین و شۆڕشێکی نوێ دەکات)10

کەواتە ئەو بۆچوونەی، کە پێیوایە یەکەم شاعیری کورد، کە بانگ و گازی بۆ ئازادی کورد دەکات و گیانی بەرگری تیایدا بەرجەستەیە، دەقە شیعرییەکانی شاعیر و بیرمەندی کورد: ئەحمەدی خانی (١٦٥٠-١٧٠٧) یە، کە گوایە: (یەکەمین شاعیرە بانگەواز بۆ ئازادی وڵاتەکەی دەکا)11، دەبێ هەڵوەستەی لەبارەوە بکرێت.

ئەحمەدی خانی دەڵێت:

**رابت ژ مە ژی جیهان پەناهەک**
**پەیدا ببتن مە پادشاهەک 12**
**یان دەڵێت:**
**گەر دێ هەبوا مە اتحادک**
**ڤێکرا ب کرا مە ئینقیادەک**
**ڕووم و عەرەب و عەجەم تەمامی**
**ژ مەڕا دکر غولامی.**
**تەکمیل دکر مە دین و دەولەت**
**تەحسین دکر مە عیلم و حیکمەت 13**

ئەگەر ئەم بۆچوونە ڕاست بێ، ئەو بۆچوونەی گوایە ئەحمەدی خانی یەکەمین شاعیری کوردە کە بانگەواز بۆ ئازادی وڵاتەکەی دەکا، دەبێ بەو لێکدانەوە و تێگەیشتنە ڕاست بێ، کە ئەحمەدی خانی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ، ئاشکرا و زەلال باسی چەمکگەلێکی وەک: (سەرکردایەتی، ماف، ئازادی و دەوڵەت) ی کردووە، ئەگینا وەک دیاردەکەوێت بەر لە (ئەحمەدی خانی) گیانی بەرەنگاری لە نێو دەقی ئەدەبی کوردیدا هەس، هەر بۆ نموونە: فەقێ تەیران (١٥٦٣-١٦٤١)، نزیکەی سەدساڵ زووتر لە ئەحمەدی خانی، (داستانی قەڵای دمدم)ی کردۆتە چیرۆکێکی شیعری، کە پڕە لە گیانی بەرەنگاریی و یەکێکە لە دەقەکانی شیعری بەرەنگاریی لە ئەدەبی کوردیدا.

د. مارف خەزنەدار ڕای وایە:(ئەم شیعرەی فەقێ تەیران دەبێ لە هەموو تێکستە فۆلکلۆری و کلاسیکییەکان کۆنتر بێ، چونکە کە جەنگی قەڵای دمدم ڕووی داوە فەقێ تەیران لە ژیانا بووە و لە نزیکەوە ئاگاداری بووە)14، جگە لەمەیش لە شیعرێکی تریدا باس لە چەمکگەلێکی وەک: بەهار، پیرۆزی، نەورۆز، هاوار، بانگ و گازی دەکات.

**فەسلا بەهار پیرۆزییە**
**بەژنا زراڤ نەورۆزییە**
**تەیران هەوار و گازییە**
**دیسان ب خێر بێتن بهار 15**

فەقێ تەیران لە پاڵ پیرۆزیی نەورۆزدا ، تەیران - جا ئەگەر مەبەستی لە (تەیران) خۆی بێت ، یانژی مەبەستی چۆلەکە بووبێت- هاوار و بانگ دەکات ، هەر هاوار و بانگێکیش لە

پاڵ نەورۆزدا هاوارە بۆ شکانی زوڵم و، بانگە بۆ شکۆی ئازادی.

دیارە بۆ سەردەمێکی ئاوا - نیوەی دووەمی سەدەی شانزەم و سەرەتای سەدەی حەڤدەم - خۆیایە، کە بیروڕا ئایینی و سیاسییەکانی ئەو سەردەمە، تایبەت تێگەیشتنیان بۆ جەژنی نەورۆز و مەودای ئازادی گرفتدار بووە، دەقە شیعرێکی ئاوا، بەم ڕوونییە، ئەگەر دەقی شیعری بەرەنگاری نەبێت، ئەی چییە!؟..

ناکرێ لێرەدا باس لە (مەلای جزیری ١٥٦٧-١٦٤٠) نەکەین، کە ئەویش، هەر نزیکەی سەدساڵ بەر لە (ئەحمەدی خانی) ، خۆی بە شەمعی کوردستان و کوردستان بە شەوی تاری دەشوبهێنێت، وەک لە شیعری (چرای کوردستان)دا دەڵێت:

**گولێ باغێ ئیرەمێ بوهتانم**

**شەبچراغێ شەبێ کوردستانم 16**

دیارە شوبهاندنی کوردستان بە شەو و خۆی : شاعیر، کە نوێنەرایەتی ویژدانی زیندووی گەل دەکات بە چرا، ڕوونمانان و ئاماژەیە بە ژێردەستی: تاریکی و ئازادی: روناکی یە.

یان ، کە لە قەسیدە بیست و دوو دێرەکەیدا بە ناوی (ئەی شاهەنشاهی موعەززەم) کە بۆ ستایشی میری بۆتان گوتوویەتی و دەخوازێ، میر ی بۆتان هەر تەنێ شاهەنشای کوردستان نەبێ و هی هەموو جیهان بێت،17وەک چۆن چاندنی بڕوا و هێز و شیانە بە میر و دەسەڵاتداریی کوردی و لە هەمان دەمدا بەرگریشە لە بەرامبەر نەیاران و ناحەزانی کورد.

شاعیرانی کورد، قۆناغ دوای قۆناغ و بە پێی تێگەیشتنی جیاواز بۆ کات، شوێن و ڕەوش دەقی ئەدەبی بەرەنگارییان نووسیوە و لە ڕێگەی پەیڤ و دەق و وێنە ئەدەبییەکانییانەوە ڕووبەڕووی زوڵم و ستەم و داگیرکاری وەستاونەتەوە و بانگی ئازادی کوردیان داوە، بۆیە پشتئەستوور بە مێژووی ئەدەبیاتی کوردی، دشێین بێژین: شاعیرێکی کورد نییە، ئەگەر بە هێما، ئاماژە و جەڤەنگێکیش بووبێ، تەنانەت ئەگەر بە پێچراوەیی، لە نێو باسوخوازی ژیان و سروشت و دڵدارییشدا بووبێت، لە ئازادی و ماف و مەزلوومییەتی مرۆڤی کورد و خاک و نەتەوەکەی نەدوا بێت.

## ٢-٢ شیعری بەرەنگاریی ژنانی کورد

ژن، پتر لە پیاو هەست بە زوڵم و نابەرانبەری و بێمافیی دەکات، هەم لەبەر ئەو غەدرەی، کە بە درێژایی مێژوو بە دەستی پیاوەوە چەشتوویەتی، هەمیش لەبەر ئەوەی ژن، لە ڕووی پێکهاتە و سروشت و تێگەیشتنەوە، ناسکتر و میهرەبانتر و ژیاندۆستترە لە پیاو.

ژنی کورد، جگە لە پێکهاتە و سروشت و تێگەیشتنە ئینسانییەکەی خۆی، کە چوون سروشتی وڵاتەکەی: کوردستان تژییە لە ژیاندۆستی، مەحکومی بینینی وێنەی تاڵ و جەرگهەژێنی هەموو ئەو زوڵم و داگیرکارییانەیشە، کە بەسەر کورد و خاکەکەیدا هاتووە، بۆیە ئەگەر ژنێک، تایبەت ژنێکی شاعیر، ئەگەر ئەو ژنە شاعیرەیش کورد بێت و بیەوێت لە زوڵم بدوێت، یان باشتر بڵێین بیەوێت بانگی ئازادی و ماف و یەکسانی بدات، بە دڵنیاییەوە، ئەوە ئەگەر لە ڕووە هونەرییەکەیشی لێزان و هونەرمەند و خەیاڵفراوان و زمان سفت و سۆڵ بێت، دەبێتە خاوەنی جوانترین دەقی ئەدەبی بەرەنگاری داهێنەرانە، کە دەکرێ، لەو بوارەدا، کێبڕکێی پێشڕەویی دەگەڵ دەقەکانی ئەدەبی بەرەنگاری جیهان پێ بکەیت، ئەویش تەنیا لەبەر ئەوەی، کە هیچ نەتەوەیەک بە قەد کورد بەشمەینەت و بەشخوراو و خاکداگیرکراو نییە، ئەوە بەو مەرجەی، دیسان دەیڵێینەوە: دەقەکە لە ڕووی هونەرییەوە باڵا بێت و مەرجەکانی داهێنانی ئەدەبی تیا پارێزراو و ڕەچاوکراو بێت.

ژنی کورد و شیعر، پرس و بابەتێکی گرنگی کەم قسەلەسەر کراوە و تا ئێستا ڕەگوڕیشە مێژووییەکەی باش ڕوون و زەلاڵ نەکراوەتەوە.

بە پێی ئەو سەرچاوانەی لە بەر دەستن، یان چێتر بڵێین لەبەر دەستی ئێمەدان، یەکەم ژنە شاعیری کورد، کە شیعری بە کوردی نووسی بێت و دەقەکەیشی لە بەر دەست بێت (دایە تەورێزی هەورامی) یە، کە لە ناوچەی هەورامان - باشووری کوردستان لە سەدەی چوارەمی کۆچی ژیاوە و مردووە.18

**دایە تەورێزی هەورامی دەڵێت:**

**رازەن پیاڵەم، رازەن پیاڵەم**

**سەرسامم نەبەزم رازەن پیاڵەم**

**بادەی پیاڵەم یاوا وەناڵەم**

**چونکە ناڵە کەم بەرز بی نە عاڵەم**

واتە: پیاڵەی مەی نۆشی و ڕازی جوانیم پڕە لە نهێنی و لە بەزمی جەمدا سەرسامم و بادەی پیاڵەم بە فریادم گەشت و ناڵەم گەیشتە بەرزایی دونیا.19

ئێستا کاتی ئەوەیە یەکەم شاعیری ژنی کورد دەستنیشان بکەین، کە شیعری بەرەنگاری نووسیبێت، کە ئەویش (دایە خەزانی سەرگەتی) یە و لە ناوچەی هەورامان/ باشووری کوردستان لە سەدەی پێنجەمی کۆچی ژیاوە و مردووە.20

(دایە خەزانی سەرگەتی) لە دەقە شیعرێکدا کە پڕە لە گیانی بەرەنگاری و ڕووبەڕووبوونەوە و دەکرێ بە یەکەمین دەقی شیعری بەرەنگاری ژنی کورد دابنرێت لە مێژوودا، دەڵێت:

**شێرە کریا جەور، شێرە کریا جەور**

**نەدەست بلە ، مەردەم کریا جەور**

**دادمان رەسان نەدەست ئی گەور**

**دەستی وەش ئافات دنداش هزەور 21**

یان دەڵێت:

**نامەن بلە و شۆرەتم ناوس**

**بابۆم ئەحمەدەن صاحێب جا و کووس**
**پێکانم وەسەر جوقەی پەڕ تاوس**
**ژات ئاسوارەتان چەنی کەیکاوس**

واتە:(شێرە کوڕان، زوڵم و زۆرمان لێدەکرێت لە لایەن "بلە"وە، وەرن بگەنە هانامان، وەک شێر هەڵمەت ببەن و...... ڕزگارمان بکەن و لەناوی ببەن)22.

(دایە خەزانی سەرگەتی) بانگی کوڕان دەکات کە دژی زوڵم ڕاپەڕن، کەواتە (دایە خەزان)ی شاعیر لە دژی ستەم داوای ڕزگاری دەکات، کە ئەمەیش بۆخۆی ئەوپەڕی ڕوونی و ئاشکراگۆییە سەبارەت گیانی بەرەنگاریی لە شیعردا، بۆیە تا دەقێکی لەوە کۆنتری شیعری بەرەنگاریی ژنی کورد نەدۆزرێتەوە، ئەوا (دایە خەزانی سەرگەتی) بە یەکەمین ژنی کورد دەژمێردرێت، کە شیعری بەرەنگاری نووسیبێت.

دیارە مێژووی شیعری ژنانی کورد و لێکۆڵینەوە لەو بوارەدا بەیارێکی دەوڵەمەندی ئێشلێنەکراوە، هەر دوای (دایە تەورێزی هەورامی) ، واتە لەسەدەی دەیەمی زایینیەوە تا ئێستا ، کە دەکاتە یازە سەدە ، چەندین چەند شاعیری ژنی کورد وەدیارکەوتوون و شیعری هەمەجۆریان، لە نێویاندا بەرەنگاری نووسیوە، جا بەرەنگارییەکە بەهەر ئاراستە و تێگەیشتنێک بووبێت،

لێرەدا هەوڵدەدەین ناوی هەندێک ژنە شاعیرانەی کورد تۆمار بکەین:

١- دایە تەورێزی هەورامی (سەدەی چواری کۆچی)
٢- جەلالە خانمی لوڕستانی (٤٠٦- ٤٦٧ کۆچی)
٣- ڕێحان خانمی لوڕستانی (سەدەی پێنجی کۆچی)
٤- فاتمە لوڕەی گۆران (سەدەی پێنجی کۆچی)
٥- لزا خانمی جاف (سەدەی پێنجی کۆچی )
٦- مەی زەرد (سەدەی پێنجی کۆچی)
٧- دایە خەزانی سەرگەتی (سەدەی پێنجی کۆچی)
٨- دایراکی ڕەزبار (سەدەی هەشتی کۆچی)
٩- حەبیبەی شارەزووری (٦٨١ - ٧٤٩ کۆچی)
١٠- خاتوو نازداری شیرازی (٧٦٤ کۆچی مردووە)
١١- نێرگس خانمی شارەزووری (٧١٣ - ٧٧٦)
١٢- زەربانووی دەرزیانی - خاتوون- (٧٨٠ - ٨٤٥ کۆچی)
١٣-- سەمەنی دەودانی (سەدەی نۆیەم)
١٤- خاتوون گوڵێ
١٥- خاتوون زەینەب
١٦- دادا سیمە
١٧- مەستوورەی ئەردەڵانی (١٨٠٤-١٨٤٨)
١٨- حەزینە خان (١٢٥٨- ١٣٣٠ کۆچی)
١٩- جیهان ئارا (١٨٥٨ - ١٩١١)
٢٠- میهرەبان مایی (١٨٥٨ - سەرەتای سەدەی بیستەم)
٢١- ئامینە (نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەم)
٢٢- خەجیجەی میرزا مەحمودی ساباڵخی (١٩٠٦ مردووە)
٢٣- ستارە مەنمی (١٨٩٤- ١٩٦٤)
٢٤- زەینەب خان (١٩٠٠-١٩٦٣)
٢٥- د. پاکیزە ڕەفیق حیلمی (١٩٢٤/٤/٨)
٢٦- دایکی سۆلاڤ (١٩٢٨ -..)
٢٧- فریشتە (١٩٢٩ -...)
٢٨- ناهیدە شێخ سەلام (ن .س)
٢٩- خورشیدە بابان (١٩٤٠ -....)
٣٠- لەیلان: شەفیقە عەلی خورشید (١٩٤٠ -....)
٣١-کەوکەب هەورامانی (١٩٤٠ -....)
٣٢-فەزیلە عەبدوڵا محەمەد سەدیق (١٩٤١/٦/١٨)
٣٣- خوشکە بێخەو (١٩٤٥ -....)
٣٤-ئاواز دزەیی (١٩٤٦ -....)
٣٥- د. نەسرین فەخری
٣٦- سامیە مەشخەڵ
٣٧- ئەرخەوان
٣٨- د. کوردستان موکریانی
٣٩- سەرفیراز نەقشبەندی
٤٠- میهرەبان
٤١- ڕووناک محەمەد
٤٢- فاتمە حەسەن کەرکوکی
٤٣- ڕووناک ڕەئووف
٤٤- دایکی شێواو
٤٥- نەجیبە ئەحمەد
٤٦- گێلاس عارف قەرەداغی
٤٧- ئەمیرە محەمەدئەمین
٤٨- دڵپاک کاوانی
٤٩- هێرۆ کەریم
٥٠- هاوژین محەمەد
٥١- شلێر هەمەوەندی
٥٢- بێریڤان ڕەشید
٥٣- ن. سروشت
٥٤- پیرۆز مەجید
٥٥- هێڤی بەرواری
٥٦- مەهاباد قەرەداغی

## بەشی سێیەم

## بەرەنگاری لە شیعری مەهاباد قەرەداغی – دا

### ٣-١ مەهاباد قەرەداغی: ژیان، هەڵوێست و بەرهەم

دیاره مەبەستمان لە باسکردنی ژیان، بەرهەم و هەڵوێستی مەهاباد قەرەداغی،24 ئەوەیە تا بشێین چەمکی بەرەنگاری بدۆزینەوە، بەرەنگاری بە هەموو رەنگ و رووە رەهەندەکانییەوە، تا بشێین لە رێگەی ئەو دۆزینەوەیدا بگەینە ئەو راستییەی، کە بەرەنگاری هەر بریتی نییە لە تێگەیشتنێکی ئاسۆیی راگوزەر، بەڵکو بریتیە لە قووڵبوونەوە و رۆچوون بە نێو چەمکگەلێکی وەک:(هزر، رۆشنبیری، بەرهەم، کردار، قوربانیدان و خەبات لە پێناو راستیدا)، ئەو راستییەی، کە پاراستن و مانەوەی گەل، ماف و ئازادییەکانی، بەرەنگاری پێویستە.

مەهاباد لە تەمەنی چواردەساڵیدا (١٩٨٠)، دەست بە شیعرنووسین دەکات، یەکەم گروگاڵی شیعریشی بە گیانی بەرەنگاری دەنووسێت، ئەمەیش هەڵوەستەی دەوێت، چونکە مەهاباد قەرەداغی، هەم خۆی وەک کچێک، کچێک لە کۆمەڵگەی کوردیدا، کچێک لە زەمەنی ژێردەستیدا، زەمەنێک دەوردراو بە زوڵم و نەریتە کرێتەکان، هەم تەمەنەکەی( چواردەساڵیی)، کە تەمەنێکە، بۆ ئەو: شاعیر ، کە وەک تیایدا دیارە عەقڵ گەورەترە لە تەمەن و ئەزموون، هەمیش پەنابردن بۆ شیعر، کە شیعر بۆ خۆی ئازادکردنی هونەریانەی وشەکانی ناخە بەرەو ئاسمانی ئازادی، هەمیش یەکەم دەقە شیعری:( سۆز و وشە)25، کە تژییە لە گیانی بەرەنگاری، سەلمێنەری ئەو راستییە رۆشنەن، کە مەهاباد قورێکە، هەوێن بۆ دروستکردنی پەیکەرێک بۆ بەرەنگاری لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا.

مەهاباد قەرەداغی هەر لە تەمەنی چواردەساڵیدا:(١٩٨٠) و لەسەر شیعری بەرەنگاری، لەسەر پەیڤ و وشەی ئاگرین، لەسەر پەیام و هەڵوێست و هزری روونی کوردانە لە لایەن رژێمی بەعسی عێراقەوە دەگیرێت و بۆ ماوەی ساڵێک ئەشکەنجە، بێسەروشوێنی ، زیندان و ئازارەکانی زوڵمی ئەمنی بەعس، پاشان، دوای ئازادکردنی، یەکسەر پەیوەندیکردن و تێهەڵچوونەوە بە کاری سیاسی ، تایبەت کاری نهێنیی سیاسیی ئافرەتانە و بەردەوامبوون و کۆڵنەدان تا راپەرینە بەنێوبانگەکەی بەهاری ١٩٩١ ی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، راپەرینێک، کە تیایدا بەرهەمی بەرەنگاریی کورد، ژێردەستەیی بە ئازادی گۆڕی،.. هەر هەموو ئەمانە بەسەریەکەوە و تێکرای ئەو دەقە شیعریانەیش، کە لەو قۆناغانەدا نووسیویەتی، جارێکیتر سەلمێنەری ئەو راستییە بێچەندوچوون و حاشاهەڵنەگرەن، کە مەهاباد قەرەداغی: مرۆڤ، کورد، ژن و شاعیرێکی تژییە لە هزر ، رۆشنبیری، بەرهەم، کردار، قوربانیدان و خەبات لە پێناو راستیدا، ئەو راستییەی دەکرێ ناوی لێنێین: بەرەنگاری لە پێناو مانەوەی کورد و دۆزە رەواکەی.

گەران بەنێو دەقە شیعرییەکانی مەهاباد قەرەداغی، هەمدیس گەران بەنێو ماناکانی پشتەوەی دەق و هەموو ئەو هێما و ئاماژە زمانیی و دەلالەتە مانایانەی لە نێو دەقەشیعرییەکانیدا هەن و بەرجەستەن، دەستمان دەگرن بۆ راستەرێ، ئەو راستەرێیەی، کە مرۆڤ و کۆمەڵگەی ژێردەست و دەوردراو بە هەرەشە حەوجەی گیانی بەرەنگارین، مرۆڤ و کۆمەڵگەی کوردییش بە درێژایی مێژوو لەنێو ئەو ئازار و مەینەتییەدان، ئازار و مەینەتی ژێردەستیی، بۆیە مەهاباد قەرەداغی، رێک پربەپێستی ئەو ئەرکە ئینسانییە، ژیان و بەرهەمە شیعرییەکانی، تەنانەت بەرهەمە هزریی و رۆشنبیری و چالاکییە زۆروزەوەندەکانیشی هەر لەو پێناوەدا تەرخان کردووە، کە دەشێ بڵێین ئەرکی ئینسانی مەبەستمان هەیە، مەبەستەکەیش ئەوەیە، کە وەستان لە دژی زوڵم و بەرەنگاریی لە پێناو گەلێکی مەزڵوم، بەر لەوەی ئەرکێکی کلتووریی و نیشتمانیی بێت، ئەرکێکی ئینسانییە، چونکە دۆزی رەوای هەر گەلێکی مەزڵووم، لە بنەرەتدا دۆزی ئینسانە مەزڵوومەکانە.

## ٣-٢ بەرەنگاری لە دەقە شیعرییەکانی مەهاباد قەرەداغی - دا

بۆ قووڵبوونەوە بە نێو گیانی بەرەنگاری، رەتکردنەوەی زوڵم و ستەم، مانەوە و بەرخودان، هاوار و بانگ و گازی لە پێناو ئازادی کورددا، پێویستە لە چەند ئاست و لایەنێکی جیاوازەوە دەقە شیعرییەکانی مەهاباد قەرەداغی بە نموونە وەربگرین.

هەوڵ دەدەین، گونجاو لەگەڵ ناونیشان، ئارمانج و پانتایی لێکۆڵینەوەکە، لەم (٤) چوار لایەنە جیاوازەوە، بەرەنگاری لە دەقە شیعرییەکانی مەهاباد قەرەداغی -دا بخەینەروو:

### ٣-٢-١ ژنی کورد، کائینێک بۆ مانەوە و بەرەنگاری

ژن و سروشتی ژنانە، ژن و ئازارە مێژووییەکانی، بەردەوام، بە درێژایی مێژوو لە ململانێدان لەگەڵ دەوروبەر، نەخاسمە ژنی کورد، کە دەوردراوە بە دەوروبەرێکی ئەوتۆی ئایینی و کلتووری و جڤاکی، پتر لە ژنانی نەتەوەکانیتر لە نێو ئەو ململانێیەدایە، بۆیە دەکرێ بڵێین: ژنی کورد کائینێکە بەردەوام لە شەردایە بۆ مانەوە، بەردەوام پڕە لە گیانی بەرەنگاری، تەنانەت ئەو ژنانەی بێدەنگیشن و کەوتوونەتە ژێر چەپۆک و ترسەوەیش، لێ هەر خودان ئەو گیانی بەرگرییەن، کە دەشێین لێرەدا ناوی لێنێین: بەرگری بێدەنگ، کەواتە ژنی کورد کائینێکی بەرەنگارە و بەردەوام لە دژی ستەم و لە پێناو ئازدیدا تێدەکۆشێت.

مەهاباد قەرەداغی وەک ژنێک و هەروەسا وەک شاعیرێک، ژن لە دەقە شیعرییەکانیدا بەرجەستەیە، بەرجەستەیە بەو تێگەیشتنەی، کە ژن کائینێکە لە مانەوە و بەرخودان و بەرەنگارییە.26

جارێ بەر لەوەی نموونە بە شیعرەکانی بهێنینەوە، دەبێ ئاماژە بۆ ئەو راستییە بکەین، کە مەهاباد لە سەرجەم شیعرەکانیدا

وەک ژن بیر دەکاتەوە و وەک ژن دەنووسێت، کە ئەمەیش بۆ خۆی خاڵێک لە خاڵەکانی سەرکەوتنی ئەدەبیانەی مەهاباد قەرەداغی - یە، چونکە لە زووەوە و تا نووکە، بەشێک لە نووسەرانی ژن، لە نێویشیاندا نووسەری کوردی ژن، نەیانتوانیوە ژنانە بنووسن و خۆیان لە هەژموونی پیاوسالاریدا ڕزگار بکەن.

مەهاباد قەرەداغی لە شیعری:(ئەو یادەی لە دڵمدا دەژێتەوە)، کە لە ساڵی ١٩٨٤ نووسیویەتی، دەڵێت:

**من کچێکم لە برووسکە**
**دڵی خۆم و شیعرەکانم**
**نیشتیمانی ئەو هەورانەن**
**پڕن لە عەشق و ترووسکە**
**بەڵێن وایە لە چاوی ئێوە داباریێن**
**هەموو ڕۆژێ**
**بەردەکەی سەر شانی سیزیف**
**بەرەو ئەو کێوە سەختانە هەڵدەزنێنن**
**بەڵام جیاوازی بەردەکەی شانی ئێوە**
**کاتێ خلۆر دەبێتەوە**
**کەلەسەری خواوەندی ڕق و تاوان**
**یەکسان دەکا لەگەڵ زەوی**
**ورەی ئێمەش بڵند دەبێ وەکو ئاسمان 27**

شاعیر لەم دەقەیدا ، کە لە ساڵی ١٩٨٤ نووسیویەتی و زەمەن زەمەنی ژێردەستییە، کە دەڵێت: (بەڵێن وایە لە چاوی ئێوە داباریێن)، ئێوە: پێشمەرگەیە، بۆیە ڕوو لە پێشمەرگەکانی شاخ دەکات و پێیان دەڵێت: من کچێکم لە برووسکە و لە چاوی ئێوەدا دادەبارێم، ورەیشمان بڵندە وەک ئاسمان، کە دیارە ئەمە بۆ خۆی پڕاوپڕە لە گیانی بەرەنگاریی کچە کوردێک، کەواتە لێرەدا کچ هەوێنی بەرەنگارییە و لە هەمان دەمدا پەرینەوەی ئەو گیانی بەرەنگاریەشە بۆ خوێنەران.

بۆ پتر ڕوونکردنەوەی ئەم بۆچوونەیشمان، کە شاعیر ڕووی لە پێشمەرگەیە، جگە لە کۆی دەلالەتە مانایی و ڕەمزییەکانی نێو دەقە شیعرەکە، هەر شاعیر خۆی لە دوابەشی شیعرەکەیدا دبێژێت:

**هەمووتان پێش مەرگ کەوتن و**
**بەرەو خۆر چوون**
**بەڵێنتان دا تا نەگەنە ماڵی پرشنگ**
**نەسرەون و هەرگیز نەنون 28**

(پێش مەرگ) ئاماژەیەکی زۆر ڕوونە بۆ (پێشمەرگە) و خودی ناوی پێشمەرگەیش هەر لەوەوە هاتووە: کە لە ئازایەتیدا لە پێناو کوردستان پێش مەرگ دەکەوێت و گیانبەخشە.

مەهاباد قەرەداغی لە شیعری (پرسەی ئامانج)، کە ئەوژی هەر لە ساڵی ١٩٨٤ نووسراوە، باس لە ژنێکی قارەمانی هاوژین شەهید دەکات، کە دواجار ئەویش: ژن بەڵێن و پەیمان دەدات، کە لە پێناو نیشتماندا شەهید بێت.

**ئێوارەیە**
**جێژووانی تۆش سێبەری گڵکۆی سووری گۆڕستانە**
**دڵدارەکەت**
**لە ئامێزی خاکی بەفر ڕاکشاوە**
**..........**
**کە بۆنی گوڵاڵەی هیوا مەستت دەکا**
**هەر لەوێدا پەیمان دەدەی**
**لە پێناوی چیا بەرزەکانی بمری! 29**

(سێبەری گڵکۆی سووری گۆڕستان) و (ئامێزی خاک) و (گوڵاڵەی هیوا) و (پەیمان) و (مردن لە پێناو چیا بەرزەکان)، دەستەواژگەلێکی ڕوونن و جگە لە مەزنیی گیانی ژنی کورد لە بەرەنگارییدا، گیانی بەرەنگاری لای خوێنەریش چێ دەکەن.

ژیانی شاعیر، ژیانێک بووە هەمیشە لە نێو ترس و دڵەراوکێ، کەچی تا ئەوپەڕی بوێر و بڕوابەخۆبوو، کەواتە لێرەدا شاعیر: ژنێک هەیە، وێڵ، سەداسەر و بەرەنگار لە پێناو ئازادیدا، مەهابادی ژن و شاعیر، لە شیعری (نانی شەهید) دا، دەڵێت:

**دەگەڕێم و .. تابووتی خۆم لەسەر شانە**
**من دەمەوێ لەهەر کوێیەکی زەوی بم**
**یان کوردستان لە کۆڵما بێ**
**یا من لە ئامێزی ئەو بم**
**......**
**من هەموو کاتێ هەنگاوێ... مردن لێمەوە دوور بووە**
**ئێستا لە باوەشم دەنوێ**
**من ڕۆحی خۆم گۆڕستانمە**
**کە جەستەم لە خاکی خۆما شەهید دەکرێ**
**کە خاکی لەتکراوم دیسان لەت دەکرێ 30**

شاعیر لێرەدا خۆی پاڵەوانی دەقە شیعرەکەیەتی و (یاکبسۆن) گوتەنی: تا ڕادەی توانەوە تێکەڵن، چونکە (ڕۆمان یاکبسۆن) پێیوایە: لە نێوان شیعر و داهێنەرەکەیدا، لە نێوان شیعر و ژیاندا، شیعر و خوێنەردا ، شیعر و مرۆڤایەتیدا نەک هەر شوورەی چین نییە، بەڵکو لە ناو یەکتریدا وەها تێکەڵبوون، تا ڕادەی توانەوە). 31

ئەمەیش ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت، کە مەهاباد هەم خۆی وەک ژن و هەمیش شیعرەکانی لە سەنگەریی بەرەنگاریدان، کە دەڵێت: من هەموو کاتێ هەنگاوێ مردن لێمەوە دوور بووە، کەواتە ئامادەی ئەوپەڕی گیانبەخشینە پێخەمەت وڵاتەکەی، وڵاتێک، کە خۆی، هەر لەوێدا زۆر جوان وەسفی دەکات : لەتکردنەوەی کوردستانێکی لەتکراو!..

## ٣-٢-٢ شیعر، دەنگێک بۆ بەرەنگاری

کەرەستەکانی بەرهەنگاری زۆرن، یەکێ لە کەرەستەکان، کە جێباسی ئێمەیە شیعرە، شیعریش کەرەستە هەرە سەرەکییەکەی زمانە، مەهاباد قەرەداغی پێیوایە: (زمان و دەربڕین یەکێک لە کاراترین ئامرازەکانی تێکۆشان بووە و ئەدەبیش بە هەموو ژانرەکانییەوە تاقە کەرەستەی بەکارهاتوو تیایدا زمانە، بۆیە وەک باشترین ئامرازی ئەو خەباتە بەکاربراوە)32، کەواتە لای مەهاباد شیعر دەنگێکە بۆ بەرهەنگاری.

مەهاباد قەرەداغی وێڕای ئەوەی بە زمان، وشە و وێنە و مانا، یان بە واتایەکیتر بڵێین بە شیعر گیانی بەرهەنگاری بەرجەستە کردووە، سەرەڕای ئەوەیش لەنێو دەقە شیعرەکانیشیدا باس لە شیعر، ڕۆڵ و نەخشی شیعر دەکات و دەیەوێت بڵێت: شیعر کەرەستەیەکە لە کەرەستە کلتوورییەکان، کە هاوشان لەگەڵ پێشمەرگەدا ڕێ دەکات و لەو ڕێی خەباتەدا لە پێناو ئازادی گەل، چوون چرا ڕۆشنکەرەوەی ڕێگەی خەباتە و چوون ئاگریش دوژمنان دەسووتێنێت.

مەهاباد قەرەداغی لە شیعری (سوارەی ئاگرین) دا، کە بۆ باوەگوڕگوڕ: کەرکوکی نووسیوە و کەرکوکیش خۆی تژییە لە مانای بەرهەنگاریی کورد، ڕوو لە باوەگوڕگوڕ دەکات و دەڵێت:

**خۆشەویستم**
**گڕ فێری کردووم لە دۆزەخ قەت سڵ نەکەم**
**مامز فێری کردووم لە هەڵدێر سڵ نەکەم**
**تۆش فێرم دەکەی کە هەستم ژان بیگرێ**
**چۆن ببمە مامانی وشە.. تا شیعرێ لە دایک ببێ33**

مەهاباد لە ساڵی ١٩٨٤ ئەو شیعرەی نووسیوە، ئەوکات، لە دایکبوونی شیعرێک، شیعرێک بۆ باوەگوڕگوڕی زنجیرکراو، شیعرێک وەک گڕ لە دۆزەخ سڵنەکردوو، وەک ئاسک لە هەڵدێر نەترساو، هەست و ژان و مامانی وەدیار وشەوە تا لە دایکبوونی شیعرێک بۆ کورد، ئەوپەڕی بەرهەنگاری و لەگەڵێشیدا ئەوپەڕی جواننوسینە، کەهەم زمان تیایدا کەرەستەیە بۆ تێکۆشان، هەم مانا شیعرییەکان پڕن لە جوانی دەربڕین بۆ بەرجەستەکردنی گیانی بەرهەنگاری لای خوێنەری کورد.

شاعیر لە شیعرێکیتردا بە نێوی(لە بێزەنگی سەدەی بیستەم)دا کە لە ساڵی ١٩٨٦ نووسیویەتی، زۆر بە فراوانی، ڕوون و ڕاشکاو باس لە وشە، خامە، شیعر ، شاعیرەکان و ڕۆڵی وشە، خامە، شیعر و شاعیر لە بەرهەنگارییدا بەرجەستە دەکات:

**قەڵەمێکی دەنووک سوورم**
**بۆ ئەو شیعرەی سەدەی بیستەم**
**.....**
**ئەو شاعیرانەی هاوڕێمن**
**برسیەتی مەلۆتکەیانە و**
**سەرما خوێنیان دەتەزێنێ**
**خامە نادەن بە نان و بەرگ**
**لە هیچ چەرخ و سەدە و کاتێ!**
**......**
**پێنووسەکان پێیان دەکرێ**
**نەخشەی جیهان بسڕنەوە و سەرلەنوێ نەخشەی بکێشن**
**پێنووسەکان دەتوانن لە چاوتروکانێ**
**نەخشەی گەورەی کوردستانێ**
**لەسەر نەخشەی ئەم جیهانەدا بکێشن**
**.....**
**شیعرە گەشەکان دەمێننەوە**
**بۆ ڕاوانانی تاریکستان 34**

دیارە ماناکانی ئەم چەند کۆپلەیە زۆر ڕوونن، لێ ناکرێ هەڵوەستە لەسەر دەستەواژەی:(نەخشەی گەورەی کوردستان) نەکەین، کە دیارە بۆ ژنە شاعیرێکی کورد، کە لە ساڵی ١٩٨٦ نووسیویەتی چ مانا و مەغزایەکی مەزنی بەرهەنگاریی تیایە، تاییەت کە دەیەوێت پێمان بڵێت: ئەوە خامە بەدەستان، لە نێویشیاندا شاعیران دەتوانن ئەو ڕۆڵ و نەخش و باندۆرە کلتوورییەیان هەبێت، کە نەخشەی کوردستانی گەورە بکێشن.

مەهاباد قەرەداغی لە زۆر شوێن، وتار ، لێکۆڵینەوە و هەڤپەیڤین ئاماژە بۆ ڕۆڵی شیعر، نووسین بە گشتی دەکات لە دروستکردنی گیانی بەرهەنگارییدا، لە شیعرێکیتردا بە نێوی: (وڵات) ، کە لە ساڵی ١٩٨٩، ساڵێک دوای پرۆسەی ئەنفال، کە باری دەروونی خەڵکی کوردستان لەوپەڕی خراپیدا بووە، بە ئومێد و ورەبەخشینەوە، دیسان باس لە ڕۆڵی شیعر دەکات و گیانی بەرهەنگاریی بۆ خوێنەرەکانی دەخوڵقێنێت:

**پێش ئەوەی شەوەزەنگ ڕاوم نێت**
**ئەستێرەم لە گیرفانی شیعرا دەرهێنا و**
**بۆ ئاسۆم بردەوە**
**وەک گوڵەبەڕۆژە چاوم لە تیشک بڕی و**
**ماچم کرد**
**تینووسی سپیم دەرهێنا و**
**مێژووی گشت گوڵێکی هەڵوەریوم نووسی**
**مێژووی گشت هەژاری بێ بەرگ و بێ شیووم تیا نووسی**
**کە خامەم لە نووسین بووەوە**
**وڵاتێک لە سەرمدا بۆ هەژار دروست بوو**
**پڕ لە گوڵ، پڕ لە نان**
**وڵاتێک هەر گەڕام بۆ ناویک لێی بنێم**
**خامەکەم بۆی نووسیم... کوردستان 35**

### ٣-٢-٣ زیندان ، ترۆپکێک بۆ شیعری بەرهەنگاری

بەر لەوەی باسی زیندان بکەین لە ژیان و شیعری مەهاباد قەرەداغی - دا، دەبێ - ئەگەر بە کورتیش بێت - باس لە ئەدەبی زیندان بکەین، ئەدەبی زیندان، کە سەرچاوەکان: ئەدەبی دیلکراوان، ئەدەبی پشت شیشەکان و ئەدەبی ئازادی - یشی پێ یەژن، بریتیە لەو ئەدەبەی لە زیندان، لە بندەستی و لە ژوورەکانی ستەمەوە دەنووسرێت و بانگە بۆ ئازادی.

ئەدەبی زیندان تژییە لە سۆز، خود، ویژدان و ڕاستگۆیی و نووسەرەکانیشیان ڕاستە نووسەری دیلکراون، لێ هزر و دەقەکانیان ئازادن و لە پێناو ئازادیشدا لە شەققەی باڵ دەدەن و ژوورە تاریکەکانی زیندان دەبڕن.

ڕاستە ئەدەبی زیندان بەشێکی دانەبڕاوی ئەدەبی هەر گەلێکە و ئێمەی کوردیش خودان ئەو تەرزە لە ئەدەبەین و دەیان دەقی ئەدەبی، لە نێویاشیاندا شیعر، وەک نموونە و بەڵگە لەبەر دەستن، لێ ئەوەی ئێمە دەمانەوێت لە بارەیەوە بدوێین، بریتیە لە قسەکردن لە چەمکی زیندان بەو تێگەیشتنەی، کە ژینگەیەی بەرەنگارییە و لەوێوە دەکرێ ئیرادەی پۆلاینی بەرەنگاریانەی ئازادیخوازان وێنا بکرێت.

هەمدیس دەبێ ئاماژە بۆ ئەو ڕاستییە دیرۆکییەیش بکەین، کە مەهاباد قەرەداغی خۆی لە زیندان بووە، وەک شاعیرێک قەساوەت و تاریکی زیندان و بەرخوردی زاڵمانەی ستەمکارانی بینیوە، بۆیە دەق و ڕوانینە شیعرییەکانی ئەو بۆ زیندان و ژان و مەینەتییەکانی زیندان، نموونەیەکی هەرە ڕاست و لەبار و زیندووی ئەدەبی بەرەنگاریی کوردین.

هەوڵ دەدەین لە ڕێگەی (٣) سێ نموونەی شیعرییەوە، لە ئەدەبی زیندان، زیندان وەک هێما و زیندان وەک واقیع، لای مەهاباد قەرەداغی بدوێین:

### ١- ئەدەبی زیندان وەک ترۆپکی بەرەنگاری

مەهاباد قەرەداغی لە ساڵی ١٩٨٠ و لەسەر شیعری بەرەنگاری زیندان دەکرێت، لەوێ، واتە لە زینداندا، لە پشت شیشە دڵرەقەکانی زوڵمەوە، سوورتر لە جاران و لە شیعری :( زیندان ئەدوێ )،کە لە ١٩٨٠/٧/٢٥ و لە زیندانی بەعقوبەدا نووسیویەتی و لە باسکردنی بەندیخانەدا، دەیەوێت بڵێت: ڕێبوارانی ڕێگەی هەتاو: ڕێگەی ئازادی لە بەندیخانە ناترسن و لە پێناو میللەتەکەیاندا چۆک بە بەندیخانەوە و ستەمکاران دادەدەن و دواجار کاروانی ڕێبوارانی ڕێگەی هەتاو: ئازادی دەگەنە دوامەنزڵ و چەوساوەکان بە مافە ڕەواکانی خۆیان دەگەن.

**چوار دیوار و**
**بنمیچێک و**
**دەرگایەکی داخراوم**
**بە زیندان و بەندیخانە ناوبراوم**
**کام کەڵلەسەر**
**پڕ بەهرەیە و**
**پڕ لە بیرە**
**کام مرۆڤ ئازادیخوازە و**
**هەرکێ ژیرە**
**هەرکەسێ هۆشمەند و گیانباز و زیرەکە**
**خاکپەروەر و ڕۆشنبیرە**
**لە ناخی مندایە و دیلە**
**پێی تاوانم ئەکوتە نێوچاوانیان**
**لەشیان دەرزیئاژن دەکەم**
**بە بزماری ژان و گریان**
**چوار دیوار و**
**بنمیچێک و**
**دەرگایەکی داخراوم**
**بە زیندان و بەندیخانە ناوبراوم**
**هەرکەس بڵێ:**
**"من خاکەکەمم خۆش دەوێ**
**سەر بۆ تاوانی ئێوە دانانەوێنم**
**من وەک ئێوە**
**تۆوی ناپاکی ناچێنم**
**من باخچەی دڕک ئاو نادەم"**
**لە ناخی من توند ئەکرێت و**
**چڵێ تاوانم ئەکوترێتە ناو چاوانی**
**سزا ئەدرێ!**
**ڕۆژی چەند جارێ**
**کوتەک ئەکرێتە میوانی!**
**چوار دیوار و**
**بنمیچێک و**
**دەرگایەکی داخراوم**
**بە زیندان و بەندیخانە ناوبراوم**
**من بۆیە بنیات نراوم**
**هەتا لە ناو دڵی تەنگم**
**بۆسەی مردن**
**بۆ ڕێبواری ڕێگەی هەتاو بنێمەوە**
**من ئەو پەتەم**
**گەرووی هەموو لاوژەبێژێ ئەتاسێنم**
**من ئەو چەتەم**
**نوکی چەقۆ بە برینتان دەناسێنم**
**چونکە منی بەندیخانە**
**تینوێتیم بە خوێنی ئاڵ نەبێ ناشکێ**
**خۆراکیشم**
**گۆشت و ئێسقانی لاوانە!**

**چوار دیوار و**
**بنمیچێک و**
**دەرگایەکی داخراوم**
**بە زیندان و بەندیخانە ناوبراوم! 36**

### ٢- زیندان وەک هێما بۆ ژێردەستی

شاعیر لە شیعری: (ئەم زامەی من) ، کە لە ساڵی ١٩٨٩ نووسیویەتی (هەتاو) بە (ئازادی) (هەور) بە(زیندان) دەشوبهێنێت و لەوێوە، واتە لەو کاتەوەی، کە هەتاو: ئازادی

زینــدان دەکرێــت و ژاراوی قــین دەکــرێ بە گەروویــا، زام لەسـەری شـاعیر دروسـت دەبێت، شـاعیر مەبەسـتیەتی بڵێت: نەتەوەی ژێردەست و نائازاد نەتەوەیەکی زامداری لە زیندانا توندکراوە.

**ئەم زامەی من**
**کاتێ لە سەرمدا رووا**
**هەتاو لە کونجی ئاسماندا**
**خزابووە زیندانی هەورەکانەوە و**
**ژاراوی قینی دەکرا بە گەرووا 37**

**٣- زیندان وەک ژینگەیەکی واقیعی بۆ بەرەنگاری**

مەهابـــــاد قەرەداغـــــی ژن و شــــــاعیر و زینـــــــدانیی، لە شیعری:(بورکانی سارد/ لە وەڵامی شیعرێکی شێخ حەسیب قەرەداغی)دا، کە لە ساڵی ١٩٩١ نووسیویەتی، دەڵێت:

**بە کۆرپەیی قەترەی زیندانیان ڕژاندە هەردوو چاوم!.**
**لەو ڕۆژەوە، کانییەکم، لە مەزهەبی حەللاجەوە هەڵدەقوڵێم**
**ژیلەیەکم، لە بورکانی جەستەی ژاندارک بەجێماوم!**
**........**
**کفری لانکە و بێشکەی منە و**
**بە کۆرپەیی منیان لێ جودا کردەوە و**
**کردیانمە نێو هەڵۆرکەی سێدارەیەکی دیالەوە**
**تاجی کەرکوکیان لە سەرم هێنایە خوار**
**باقووبەیان بۆ کردم بە کۆتی ڕەشی پێڵەدار 38**

مەهاباد لەو شیعرەیدا بـاس لە خـۆی دەکـات، ئەو کـاتەی کە لە تەمەنی چواردە ساڵیدا و لەسەر شیعری بەرەنگاری دەگیرێت و زینـدان دەکرێـت، بــاس لەوە دەکــات زوو:( بە کــۆرپەیی) لە زینداندا حەلاج ئاسا39، چوون ژاندارک40، بە گیـانێکی پڕ بـڕوا بە دۆزە ڕەواکەی و لە بەردەم وێـنە تاڵەکــانی مەرگ و سێدارەدا، کوردانە دەوەستێت و ئەو مێژووە لەگەڵ خۆیدا بە نەمریی دەهێڵێتەوە، دیارە نابێ ئەو ڕاستییەمان لە بیر بچێتەوە، کە بەرەنگاریی نەمرە، هەموو ئەو گەل و نەتەوانەی لە بەردەم زوڵمدا بەرەنگارییان کردووە نەمرن و بە نەمریی دەمێننەوە، هەر بەو شێوەیەش دەقە ئەدەبییەکـان، کە بێگومـان لە مێویانـدا شیعر پشکە زۆر و پڕ شانازییەکەی بەردەکەوێت.

**٣-٢-٤ چەمکــــی بەرەنگــــاری لە نێــــوان هێمـــــا و ئاشکراگۆییدا**

بەرەنگـاری چەمکێکـی فـراوانە، هەمـدیس شـیعریش خـودان پانتاییەکی فراوانە، لە پاڵ هەردوو چەمکیشدا، چەمکی زەمەن و جیاوازییەکــانی زەمەن پرسـگەڵێکی قسـەهەڵگرن و دەکـرێ بڵێین: شـاعیر کـائینی جوولەداری نێو هەموو ئەو چەمکانەیە، هەر بە نموونە شـاعیر لە دوو زەمەنـی تەواو جیاوازدا ژیـاوە: زەمەنــی ژێردەســتی و زەمەنــی ئــازادی، بــۆیە قســەکردن لە چەمکی بەرەنگاری لە نێو هێمادا، لەوانەیە قسەکردن بێت لە زەمەنــی ژێردەســتیی شــاعیر، پێچەوانەکەیشــی هەر ڕاستە، قســـەکردن لە چەمکـــی بەرەنگـــاری لە نێـــو ئاشـــکراگۆییدا، قســەکردنە لەو زەمەنە ئــازادەی کە شــاعیر پتــر توانیــویەتی ئازادانە دەنگ هەڵبڕێت، لێ لەگەڵ ئەو ڕاستیەشدا، مەسەلەکە ڕێـــژەییە، چـــونکە مەهابـــاد قەرەداغـــی خـــۆی لەســـەر ئەو ئاشـکراگۆییە شـیعرییە، لە لایەن ڕژێمـی بەعسـی عێـراقەوە گیـراوە و زینـدان کـراوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، لەگەڵ ئەوەی، کە ئێمە قسە لە شاعیرێک دەکەین، کە دوژمن لە دەنگی بڵند و ڕاشکاو و ئاشـکراگۆیی بەرەنگاریی شیعریی ئەودا هەراسان بـووە و جـگە لە ئـازار و ئەشـکەنجە و بێسەرووشـوێنکردنی، دواتـر حـوکمی سـاڵێک زیندانیشـی بەسـەردا سـەپاندووە، لـێ لەگەڵ ئەوەشـــدا، وەک پێشـــتر گوتمـــان، هەم شـــیعر و هەم بەرەنگاری دوو چەمـک و بیـاڤ و پانتـایی هێنـدە فـراونن، کە جێی هەموو ئەو باسانەی لێ دەبێتەوە، لە نێویشیاندا باسی هێما و ئاشکراگۆیی لە شیعری بەرەنگاریدا.

**١- هێما وەک ئێستاتیکای شیعری**

ئەوکاتـانەی مەهابـاد قەرەداغـی دەیەوێـت لە ڕێـگەی هێمـاوە بەرەنگـاری بەرجەسـتەی نێـو دەقە شـیعرییەکانی بکـات، پتـر مەبەسـتی ئێستاتیکا و خوڵقاندنی جوانیی شیعرییە، ئەگینا پەیڤ و وێـنە شـیعرییەکانی زۆر ڕوونـن، واتە ئەو کـاتەی هێمـای بەکارهێناوە، مەبەستی جوانیی بووە، چونکە مەهاباد قەرەداغی ژبلـی خەمە ئینسـانیی و نەتەوەییەکـان، خەمـی هونەرییانەیشـی هەبــووە، مەبەســتمان لە خەمــی هونەرییــانە: گەمەی زمــان، بەرجەسـتەی وێـنە، بەکـاربردنی هێمـا و کۆدەکـانی داهێنـانە لە بواری هونەری شیعردا.

مەهاباد قەرەداغی لە شیعری:(شەوێ لەگەڵ یادەکانمدا) ، کە لە ساڵی ١٩٨٣ نووسیویەتی، دەڵێت:

**ئەمشەو، ئەمشەو**
**سروودی لاوژەبێژانی ئەم هەوارە**
**عاشقانە بوون بە پەیام**
**هەڵدەفرین بەرەو ئاسۆی ڕوونی هیوام 41**

ئەگەر لە هەر سـێ چەمـک و دەسـتەواژەی:(سـروود، پەیـام ، ئاسـۆی ڕوونـــی هیـــوا) وورد بیـــنەوە، هێمـــان بـــۆ خەبـــاتی شۆڕشگێڕیی گەلێکی تینوو بە ئازادی ، کە دواجار لە ڕێـگەی ئەم خەبـاتە شۆڕشـگێڕییەوە، دەگەنە دوامەنـزڵ: ئاسـۆی هیـوا: ئازادی.

لە شـیعرێکیتردا:(هەناسـەی کێشـوەری ژان) ، کە لە سـاڵی ١٩٨٤ نووسیویەتی، شـاعیر (ڕۆژ : خـۆر) وەک هێمـایەک بـۆ (ئازادی) و لەگەڵیشیدا وێنەیەکی جوانی شیعریی دەخوڵقێنێت:

**ئاسۆی نیشتیمانی بێ ڕۆژ**
**دەستەکانی هەڵبڕیوە خۆر داگرێ**
**تا پرچی نێرگزی بەیان**
**بدا لە پەرچەمی کەژ و**
**هەناسەکانی دەبنە سروەی وەشت و**

**هیوا سووتاوەکان باوەشێن دەکەن 42**

(بەیان) و(کەژ) و (هیواسووتاوەکان) یش هەر یەکەیان هێمان بۆ:(ڕۆژی نوێ: ئازادی)،(خەبات)، (ژێردەستی).

یانژی لە شیعری:(ژیانەوە) دا دەڵێت:

**من چیم جگە لە شاعیرێ**

**پێناسەکەم لە گیرفانی ئاوارەکانی سەرکەژە 43**

لە دیدی مەهاباد قەرەداغی - دا ، مرۆڤی کورد، تەنانەت شاعیرەکانیشیان، کە نوێنەرایەتی ویژدانی زیندووی گەلەکەیان دەکەن، بێ شوناسن، تا (ئاوارەکانی سەرکەژ: پێشمەرگە)، بە ئاواتەکانیان نەگەن، کە ئازادی و سەربەخۆییە، چونکە ئە وان: پێشمەرگە ، ئاوارە و خەباتگێڕی ڕێگەی ئازادی و سەربەخۆیی کوردستانن.

هێما لە شیعرەکانی مەهاباد قەرەداغی - دا هەم زۆرن و هەمیش هەڵگری هۆشمەندییەکی کلتوورین، کلتووری بە هەردوو تێگەیشتنە شیعری و سیاسییەکەی، واتە ئارمانجدارە، لەلایەک: بەرجەستەی جوانیی و لەلایەکیتریش هەڵگری پەیامی سیاسیین، کە دواجار زەنگینیی بە دەقەکان بەخشیوە، بۆ پتر سەلماندنی ئەم بۆچوونەیش دەکرێ هەر لە ناونیشانی شیعرەکانی دیوانەکەی: (دیوانی مەهاباد قەرەداغی: چاپی یەکەم/ ٢٠١٣) ووردبینەوە، کە (١٦٥) دەقە شیعری لە خۆی گرتووە، بەشێکیان ناونیشانی هێمایین، هەر بە نموونە: (پەیامێک بۆ شارێکی بێ هەتاو، سوارەی ئاگرین، پرسەی ئامانج، ژیانەوە، نانی شەهید، عەشقی ئاگر، وەرزێکی مۆر، شاخ کێڵگەی گەنمەشامییە)، کەواتە هێما لای مەهاباد قەرەداغی پرسی ئاگاییە و ئاگاییش هەڵگری پەیامە و بەرەنگاریش پەیامە گەورەکەیە، بۆیە دەکرێ بڵێین: لە پشت هەر هێمایەکدا بەرەنگاریی هەیە، بەرەنگارییەک وێڵ و سەوداسەر بە دوای ئازادیدا.

## ٢- ئاشکراگۆیی وەک بوێری

مادام شیعری بەرەنگاری پەیامە، مادام شیعری بەرەنگاری بەیداخی ئازادی هەڵگرتووە و لە دژی ستەمدا دەبێ بە پەیڤی ئاگرین، کەواتە شاعیر دەبێت بوێر بێت، مەهاباد قەرەداغی یەکێ لە بوێرەکانی مێژووی ئەدەبیاتی هاوچەرخی کوردییە، بوێری تا ئەو ئاستەی نزیکی کردۆتەوە لە مەرگ، دوژمن لە زیندانی توند کرد و وەک کچێک، لە بەهاری تەمەنیدا بە دوژمنانی گوت: وشە گەورەترە لە ئێوە و ئێوە لە وشە دەترسن!..

مەهاباد ڕێبواری ڕێگەی ئازادی کوردە بە پریاسکەی وشەوە، لە هەر شیعرێکی ڕامێنی، تەنانەت چیرۆک و ڕۆمانەکانیشی، بەرەنگاری پشکێکە لە ڕۆحی، بۆیە گەر بمانەوێت لە چەمکی ئاشکراگۆیی لای مەهاباد قەرەداغی بدوێین، ماندوو نابین و زۆربەی بەرهەمە شیعرییەکانی نوقمی ئاشکراگۆیین.

لە شیعرێکدا بە نێوی:(پەیامێک بۆ شارێکی بێ هەتاو) ، مەهاباد قەرەداغی باس لە شاری مەهابادی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکات و ئاشکراگۆ باس لە خۆڕاگری، نەبەردی، خەم و خوێنی ئەو شارە دەکات و دەڵێت:

**ئەی ئەو شارەی**

**ئەی ئەو کۆمارە بێدارەی**

**دوژنم لە ئاستت دەلەرزی**

**کام ڕەشەبا**

**گڕی نەورۆزی لووتکەتی کوژاندەوە؟!.**

**وێرانی کرد کانی و مێرگی گوڵزارینت**

**زوحاکی کام سەدەی تاوان**

**ئاگری بەردا لە ژینت؟!.**

**.......**

**ئەمرۆ پەیامێ پەمەیی**

**گەیشتە شارە بێدارە، بێ بەهارەکەی چوارچرا**

**کاتێ سەیری پەیام کرا**

**بە ڕەنگی سوور لێی نووسرا بوو**

**« ئەمرۆ بێ یاخود سبەینێ**

**لەم گەشتە دەگەڕێمەوە**

**دیاری جوانم بۆ هێناون**

**بۆ چوارچرا: ئاڵایە بەرز**

**بۆ لاوەکان: مەشخەڵی نوور**

**بۆ منداڵان: سروودی نوێ**

**بۆ کێوەکان: گوڵاڵەی سوور**

**بۆ مەهاباد: وشەیەکی تری کۆمار**

**بۆ زۆرداریش: گەردانەی ژان، پەتی ئازار 44**

بێگومان ئەمە بەشێکە لە شیعرەکە، کە شاعیر تیایدا سەراپا، ئاشکرا و ڕوون گیانی بەرەنگاری، گیانی دووبارە تێهەڵچوونەوە، گیانی کۆڵنەدان و نەسرەوتن تا کۆمارێکیتر، واتە تا سەربەخۆیی، خوێنەر کەمەندکێش دەکات.

نموونەکان زۆرن، بۆیە دەکرێ ئاشکراگۆیی وەک خەسڵەتی هەرە سەرەکی لە شیعرەکانی مەهاباد قەرەداغی- دا بناسین، ئاشکراگۆییەک کە هەڵگری گیانی بەرەنگارییە، بەرەنگارییەک، کە پێ بە پێ لەگەڵ کورد و دۆزە ڕەواکەیدا هەنگاو دەنێت و تا ئێستایش هەر بەردوامە، هەر بە نموونە زۆربەی ئەو نووسین، کۆمێنت و دەقە شیعرییانەی، کە بەم دواییەیش لە ئەکاونتی تایبەتی خۆیدا بڵاوی کردوونەتەوە، تژییە لە هاوار بۆ ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان.

مەهاباد قەرەداغی لە شیعری:(پۆرترەیتی شەهید) دا دەڵێت:

**بە قەبارەی ئەم دنیایە**

**ژەهرەژانی کوردستانم لە چاودایە 45**

یانژی لە شیعری:(داستانی من و ئەم شاخە)دا دبێژیت:

**ئاخ کوردستان**

**تۆزقاڵێکی جەستەم نەما ژەهری تاوان نەیپێکابێ**
**.....**
**ئاخ شەهیدان**
**کام کێو هێندەی ئێوە بەرزە**
**هەناسەتان**
**ئەزیزانم .... زریانە یان بوومەلەرزە؟!.**
**....**
**سەرم کەرکووکە و جەستەشم بادینانە**
**دەستێکم سلێمانییە و**
**ئەوەی دیکەم پیرە قەڵاکەی هەولێرە**
**هەرمێکەی دڵی من چوار کەرتی یەکسانە**
**هەرمێکەی دڵی من هەموو کوردستانە! 46**

شاعیر لەو ڕاستییە تێگەیشتووە، کە دوژمن و ژەهرەکانی، جا ژەهری ڕاستینە بێت، وەک کیمابارانکردنی کوردستان، یانژی ژەهری دووبەرەکی بێت، واز لە کوردستان ناهێنن، بۆیە بانگی یەکگرتوویی کورد دەدات و دڵی خۆی کردۆتە چوارپارچەی یەکسان، کە گوزارشتە لە یەکێتیی خاک و گەلەکەی و بەو ئاشکراگۆییە گیانی بەرخودان و بەرەنگاری لای خوێنەرەکانی چێ دەکات، چونکە بە درێژایی مێژوو و تائێستایش دەردە گەورەکەی کورد ناکۆکییە، بۆیە دەبێ بەم گیانە بەرزەی بەرەنگارییەوە، کە کوردی پێ ناسراوە لە مێژوودا، بە دەستێک ڕێ لە دوژمنان بگرین و بە دەستەکەیتریش ڕێ لە ناکۆکیی نێوخۆییمان بگرین، کە بە بڕوای ئێمە هەردووکیان هەر ڕێگرتنە لە دوژمنان.

## ئەنجام

١- مەرج نییە هەر دەقێکی ئەدەبی سیاسی، نەتەوەیی و نیشتمانی بچنە نێو چوارچێوەی ئەدەبی بەرەنگارییەوە، ئەدەبی بەرەنگاری خەسڵەتەکەی لە:(ڕووبەڕووبونەوە لە پێناو مانەوەدا)کورت دەبێتەوە.

٢-ئەدەبی بەرەنگاری وەک زاراوە زۆر کۆن نییە و لە کاتی جەنگی جیهانیی دووەمەوە(١٩٣٩ -١٩٤٥) هاتۆتە ئاراوە،لێ ڕەگ وڕیشەکەی زۆر کۆنە و دەگەڕێتەوە بۆ یەکەم گۆکردنی هونەرییانەی مرۆڤ: (ئەدەب)، بە ئاراستەی بەرەنگاری.

٣- کورد، بوون و سروشت و ئەو زوڵمە مێژووییەی لەسەریەتی لە بێمافیی و خاکداگیرکردن، گیانێکی بەرەنگاریی پێ بەخشیوە و پێدەچێت لە زووەوە، لەو کاتەی جوان پەیڤی بێت:(ئەدەب)، خودان گیانی بەرەنگاری بووبێت لە نێو ئەدەبەکەیدا، لێ دەقە ئەدەبییەکانی ئەو قۆناغە زووە نەنووسراوەتەوە و بەردەست نین.

٤- یەکەم دەقی ئەدەبی بەرەنگاری لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا بریتیە لە دەقە شیعرێکی(بابا سەرهەنگی دەودانی)، کە لە ناوچەی هەورامان/ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سەدەی دەیەمی زاینی ژیاوە و مردووە.

٥- یەکەم ژنی کورد، کە شیعری بە زمانی کوردی نووسی بێت و دەقەکەی لەبەر دەست بێت،(دایە تەورێزی هەورامی)یە، کە لە ناوچەی هەورامان/ باشووری کوردستان لە سەدەی دەیەمی زاییینی ژیاوە و مردووە.

٦- یەکەم ژنی کورد، کە شیعری بەرەنگاری نووسی بێت، (دایە خەزانی سەرگەتی)یە، کە لە ناوچەی هەورامان/ باشووری کوردستان لە سەدەی یازدەمی زاینی ژیاوە و مردووە.

٧- مەهاباد قەرەداغی تاکە شاعیرێکی کوردە لە مێژوودا، کە لە تەمەنێکی زۆر بچووکدا:(١٩٨٠/ چواردەساڵی) لەسەر شیعری بەرەنگاری لەلایەن ڕژێمی بەعسی عێراقەوە دەسگیر و زیندان کراوە.

٨- ژن کائینێکە لە بەرەنگاری، مەهاباد قەرەداغی جگە لەوەی خۆی ژنە و ژنانەیش دەنووسێت، ژنیشی وەک کائینێکی بەرەنگار و خودان مەسەلە، لە دەقە شیعرییەکانیدا بەرجەستە کردووە.

٩- شیعر لای مەهاباد قەرەداغی، هەر تەنیا چەمک و ژانرێکی ئەدەبی نییە، بەڵکو دەنگێکە بۆ بەرەنگاری و خودان هێز و شیانە ، بۆیە بەردەوام لە ڕێی ئەو دەنگ و هێز و شیانەوە:(شیعر) ڕووبەڕووی ستەم و خراپییەکان دەبێتەوە، جا ستەم و خراپییەکان هەر جۆرێک بێت، سیاسی، یا جڤاکی، کەواتە شیعر لای مەهاباد قەرەداغی بەرپرسیەتییە، بەرپرسیەتییەک، کە هەڵگریی هۆشمەندییەکی کلتووری و سیاسی و جڤاکی ئەوتۆیە، کە دەشێ گۆڕان دروست بکات.

١٠- چەمکی زیندان لای مەهاباد قەرەداغی، هەر تەنێ لە سنووری خەیاڵ و هێما و لێکدانەوەدا قەتیس نامێنێتەوە، بە حوکمی ئەوەی، کە شاعیر خۆی زیندانديتەیە و ئەزمونێکی تاڵی دەگەڵ زینداندا هەیە، زیندان بۆتە بەشێک لە زیهنیەت و نەستی، بۆیە زیندان لای مەهاباد قەرەداغی ڕەهەندی جیاوازی وەرگرتووە و پتر لەوانیتر ئەو زیهنییەتە: (زیهنییەتی زیندان) زاڵە بەسەر شیعرەکانیدا.

١١- ئاشکراگۆیی خەسڵەتی هەرە سەرەکی شیعرە بەرەنگارییەکانی مەهاباد قەرەداغی- ن، لە هەر کوێش پەنای بۆ هێما، دەلالاتی واتایی و شکاندنی زمان، نائاشکراگۆیی بردبێت، ئەوا مەبەستی بووە لایەنە هونەرییەکەی شیعر تۆکمە بکات و جوانیی پتر بە شیعر ببەخشێت، بۆیە، بەم پێودانە دەکرێ شیعرە بەرەنگارییەکانی مەهاباد قەرەداغی وا بناسینەوە، کە لە یەک دەمدا هەڵگری هەردوو خەسڵەتی ئاشکراگۆیی و جوانیین.

## پەراوێز و سەرچاوەکان

١- عبدالرحمن شرفکندی (هەژار): هەنبانەبۆرینە، فرهنگ کردی – فارسی، مرکز پخش: مجتمع فرهنگی سروش، چاپ دوم ١٣٧٦،ل٧٨
٢- عبدالله الطنطاوي: صحيفة الميثاق، ويكيبيديا ٢٠١٨/١/١٥

٣- جەبرا ئیبراهیم جەبرا پێیوایە: ئەدەبی بەرەنگاری ئەدەبی خودی جەنگاوەرەکانە. خیري منصور: الكف و المخرز، وزارة الاعلام/ بغداد- ١٩٨٤، ص٨٩

٤- حەمەسەعید حەسەن: شیعر و هەڵوێست، چاپی دووەم، سوێد، ١٩٩٤، ل ٧

٥- د. محەمەد فازیل مستەفا: زێوەر - ژیان و بەرهەمی، چاپخانەی ڕۆشنبیری/ هەولێر، ٢٠١٠، ل٧٤

٦- د. حسني محمود حسين: مطالعات في شعر المقاومة العالمي، الموسوعة الصغيرة / ٢٠٥ - بغداد، ص٢٤.

٧- ئەبوبەکر خۆشناو: شیعری بەرەنگاریی کوردی،سلێمانی- ٢٠٠٢، ل٣٩

٨- د غالي شكري: ادب المقاومة، دار الافاق الجديدة- بيروت، ص٤١٠

٩- بابا سەرهەنگ یەکێک بووە لە پەیڕەوانی ئایینی کۆنی کوردان و لەو پێناوەدا گیانی بەخشیوە و ئێستا ئارامگاکەی لە تەوێڵە یەو بووەتە زیارەتەڵانی تەوێڵەییەکان : نامق هەورامی: تێکستی ژنان لە دەفتەرەکانی یارساندا - سلێمانی، ٢٠١١، ل٧٨.

١٠- هەر ئەو سەرچاوەیە، ل٧٨ - ٧٩

١١- الدكتور عزالدين مصطفى رسول: الواقعية في الادب الكردي، ص٧٠

١٢- دوکتۆر مارف خەزنەدار: مێژووی ئەدبی کوردی، بەرگی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس- چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە/ هەولێر،٢٠٠٢، ل٣٤٤

١٣- هەر ئەو سەرچاوەیە، ل٣٤٧

١٤- هەر ئەو سەرچاوەیە، ل٢٠٣

١٥- هەر ئەو سەرچاوەیە، ل٢٢٢

١٦- مامۆستا هەژار: دیوانی مەلای جزیری، پێداچوونەوە – ماجد مەردۆخ ڕۆحانی، ناوەندی بڵاوکردنەوەی سنە، چاپ اول ١٣٩٣، ل٦٣٩

١٧-دوکتۆر مارف خەزنەدار: مێژووی ئەدبی کوردی، بەرگی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس- چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە/ هەولێر،٢٠٠٢، ل٢٧٩

١٨- سەدەی چوارەمی کۆچی واتە ٩١٣ - ١٠١٠زایینی

١٩- نامق هەورامی: تێکستی ژنان لە دەفتەرەکانی یارساندا - سلێمانی، ٢٠١١، ل ٧٩-٨٠

٢٠- خەزان کچی ئەحمەد سەرگەتییە، لە سەرەتای سەدەیپێنجەمی کۆچی لە گوندی سەرگەتی هەورامانی باشوور لە نزیک شاری هەڵەبجە لە دایک بووە، لە سەرەتای تەمەنیدا دەبێت ئەحمەدی باوکی کۆچی دوایی دەکات و بە تەنیا دایکی خەریکی پەروەردەکردنی دەبێت، بەڵام هەژاری نایەڵێت ئەو پرۆسەی پەروەردەکردنە درێژە بکێشێت، دایکیشی بڕیار دەدات مێردبە پیاوێکی دیکە بکات بۆ ئەوەی بتوانێت کچەکەی بە باشترین شێوە بژیەنێت.
خەزان لەسەر دەستی دایکی فێری نووسین و خوێندن بووە و دواتر لە لایەن زۆرێک لە زاناکانی ئەو سەردەمەدا خوێندوویەتی و پاشان بووەتە ژنێکی پارێزگار لەسەر ئایینی یاری: سەرچاوەی پێشوو، ل١١٥

٢١- سەرچاوەی پێشوو، ل١١٦

٢٢- هەر ئەو سەرچاوەیە، ل١١٦

٢٣- **یەک:** بۆ ئەم ناوانە سوودم لە چەند سەرچاوەیەک وەرگرتووە:

١- نامق هەورامی: تێکستی ژنان لە دەفتەرەکانی یارساندا –سلێمانی، ٢٠١١

٢- د. کوردستان گیوی موکریانی: هۆنراوەی ئافرەتی کورد، چاپخانەی کوردستانی، هەولێر، ١٩٨٠

٣- دوکتۆر مارف خەزنەدار: مێژووی ئەدبی کوردی، بەرگی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس- چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە/ هەولێر،٢٠٠٢

٤- زەکیە ڕەشید محەمەد ئەمین: بزووتنەوەی کچانی کورد لە سلێمانی، سلێمانی/ ٢٠١٣

٥- حیکمەت حەمید مەلا ڕەئووفەفەندی خادم سوجادە: دیوامی زەینەب خان، هەولێر/ ٢٠١٨

**دوو:** مەبەستمان بوو تەنیا ناوی ئەو شاعیرە ژنە کوردانە تۆمار بکەین، کە لە سەرەتای مێژووەوە دەست پێدەکات تا مەهاباد قەرەداغی.

٢٤- مەهاباد قەرەداغی ناوی (مەهاباد ئیبراهیم محەمەد)ە و لە ٢٢ی ڕێبەندانی ١٩٦٦ لە شاری کفری لە باشووری کوردستان لەدایکبووە، لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٠ یەکەمین بەرهەمی شیعری: (سۆز و وشە)لە هەفتەنامەی(هاوکاری) کە لە بەغدا دەردەچوو، بڵاو کراوەتەوە.
مەهاباد قەرداغی لە ٢٨ی نیسانی ١٩٨٠ لە سەر شیعری بەرەنگاری لە لایەن ڕژێمی بەعسی عێراقەوە دەگیرێت و دوای ماوەیەک ئەشکەنجەدان و بێسەروشوێنکردن، حوکمی ساڵێک زیندانیی بەسەردا دەسەپێندرێت. ئەو ماوەیە لە زیندانەکانی ئەمنی کفری، ئەمنی بەعقوبە، ئەمنی عامەی بەغدا و زەعفەرانیە دەبێت.
لە ساڵی ١٩٨١، هەر دوای ئازادبوونی لە زیندان پەیوەندی دەکات بە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە و لە کفری یەکەمین شانەی ئافرەتان دروست دەکات.
مەهاباد لە ساڵانی ١٩٨٥- ١٩٨٧ پەیمانگای هونەری - بەشی ژمێریاری لە کەرکووک تەواو دەکات.
لە ساڵانی ١٩٨٧ و ١٩٨٩ و ١٩٩٠ هەوڵی چاپکردنی دیوانی شیعری داوە، بەڵام دەزگای سانسۆری وەزارەتی ڕۆشنبیری عێراق ڕەتی کردۆتەوە و چاپکردنیانی قەدەغە کردووە.
لە ساڵی ١٩٨٩ لێکۆڵینەوەیەکی لە بارەی (کێشەی ئافرەتی کورد) نووسیووە، بەڵام ئەویش چاپ نەکراوە.
لە ١٠ ی ئاداری ساڵی ١٩٩١ بەشداری کارای لە ڕاپەڕین و ئازادکردنی شاری کفری- دا کردووە.
لە کۆڕەوە ملیۆنیەکەی ١٩٩١، لەگەڵ خەڵکی گەرمیان لە دەستی ڕژێمی بەعس هەڵاتوون و سێ مانگ لە ناوچەی تیلەکۆی سەرسنوور لە ئۆردوگای پەنابەری ژیاوە.
لە دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ و لە یەکەم فیستیڤاڵی ئەدەبی و هونەری کە لە هاوینی ١٩٩١، بە ناوی "فیستیڤاڵی شیعر و پێشمەرگە" لە سەرتەکی بناری بەمۆ سازکرا ، بەشداربووە. هەر ئەو ساڵەیش یەکەمین نامیلکەی شیعری بە نێوی:(نەخشەی دواڕۆژی کرێکار) بە تیراژێکی کەم، چاپ کردووە.
لە ١١ی ئاداری ١٩٩٢ لەگەڵ شاعیر و ڕۆژنامەنووس (مستەفا گەرمیانی) زەماوەندی هاوسەرگیری کردووە.
لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٩٢ لەگەڵ هاوسەرەکەی چووەتە دیمەشق. لەوێ ڕۆمانی "کۆچ"ی نووسیووە و سێ کتێبی ئەدەبی لە عەرەبییەوە وەرگێڕاوە.
لە ٢٥ کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٩٣ گەیشتۆتە وڵاتی سوید و لەوێ نیشتەجێ بووە.
لە ساڵی ١٩٩٤ یەکەمین دیوانی شیعری بە ناوی (پانۆراما) لە سوید چاپ کردووە.
لە ساڵی ١٩٩٥ ڕۆمانی(کۆچ)ی چاپ و بڵاوکردۆتەوە.
لە ساڵی ١٩٩٦ لێکۆڵینەوەکەی بە ناوی(لە پێناوی ژیانەوەی ئافرەتدا) چاپ کردووە و سێ کتێبە وەرگێڕدراوەکانیتریشی هەر لەو ساڵەدا چاپ کردووە.
لە ساڵی ١٩٩٧ بەرنامەی ئەدەبی و هونەری (پانۆراما)ی لە ستۆدیۆی ستۆکهۆڵمی تەلەفیزیۆنی میدیا ئامادە و پێشکەش کردووە، کە پەخشی کەناڵەکە لە بروکسلی پایتەختی بەلجیکا بووە. بۆ ماوەی دوو ساڵ بە خۆبەخش لەو کەناڵەدا زیاتر لە ٥٠ بەرنامەی پێشکەش کردووە.
لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٩٤-٢٠٠٤ دا، دەیان سیمینار و کۆڕ و کۆبوونەوەی لە شارەکانی وڵاتی سوید و لە وڵاتانیتردا بەشداری دەیان کۆنفرانسی کردووە، وەک نەرویژ، دانمارک، ئەڵمانیا، هۆڵەندا، ئوتریش، بەریتانیا، بەلجیکا و هەندێ وڵاتی عەرەبی وەک میسر و ئوردون.
لە ١٩٩٩/٦/١ کچە تاقانەکەی لە دایک بووە و ناوی (شاکار)ە.

لە ساڵی ٢٠٠٠ لە زانکۆی ستۆکهۆڵم دەست بە خوێندن دەکات لە کۆلێژی پەروەردە.
لە ساڵی ٢٠٠١ لەگەڵ دوو خانمی چالاکوان:(شنە هیدایەتی) و(مونیرە موفتیزادە) دەست بە پرۆژەی گەڵاڵەکردنی(داخوازینامەی ژنی کورد - Kurdish Women Charter) دەکەن و ڕێکخراوی (پرۆژەی ژنی کورد) بۆ ئەو مەبەستە دادەمەزرێنن.
لە ساڵی ٢٠٠٢ دەبێتە ئەندامی یەکێتی نوسەرانی سوید.
تا ساڵی ٢٠٠٣ پێنج جار بۆ کتێبەکانی ستیپێندیۆمی لە سندوقی نووسەرانی سویدەوە پێ دەبەخشرێت.
لە ساڵی ٢٠٠٥ دەگەڕێتەوە بۆ کوردستان و وەک ڕاوێژکاری نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان بۆ کاروباری یەکسانی، دەست بەکار دەبێت.
لە ساڵی ٢٠٠٨ دەبێتە یەکێک لە ئەندامی لیژنەی باڵای هەموارکردنی یاسای باری کەسێتی.
لە ساڵی ٢٠٠٩ دەست دەکات بە خوێندن لە بەشی ئینگلیزی کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی سابیس لە هەولێر.
لە ساڵی ٢٠١٠ لە کۆنگرەی هەشتەم دەبێتە ئەندامی دەستەی باڵای یەکێتی نووسەرانی کورد.
لە ساڵی ٢٠١٢ دەبێتە بەڕێوەبەری پەیمانگای(یەکێتی ئافرەتانی کوردستان) بۆ پرسە کۆمەڵایەتییەکان.
لە ساڵی ٢٠١٢ دەبێتە سەرنووسەری گۆڤاری وەرزیی (شیکار)، کە گۆڤارێکی هزرییە و تا ئێستا بەردەوامە.
لە ٢٠٠٧/٧/١٦ هاوسەرەکەی: مستەفا گەرمیانی لە کەرکووک شەهید دەبێت.
بەرهەمە چاپکراوەکانی لە بواری ئەدەبدا؛ شیعر، کورتە چیرۆک و ڕۆمان، بیرەوەری، لە بواری لێکۆڵینەوە و وەرگێڕانیشدا چەندین بەرهەمی چاپکراوی هەن:

**شیعر:**

1. نەخشەی دواڕۆژی کرێکار
2. پانۆراما
3. شاخ کێڵگەی گەنمەشامییە
4. میدالیا
5. هاژەی ڕۆح
6. هێشووی عەشق
7. باڵندەبەفرەکان (بە سویدی) Snö Fåglar
8. دیوانی مەهاباد قەرەداغی(کۆبەرهەم)

**چیرۆک، ڕۆمان، بیرەوەری:**

9. کۆچ (ڕۆمان)
10. ئەڤین ئاوی ژیانە (ڕۆمان)
11. مەرگی مرۆڤ و نیوێک (کورتەچیرۆک)
12. ساڵێک لە دۆزەخ (بیرەوەری)
13. چلچرا (بیرەوەری)
14. زەنگدانەوە (ڕۆمان)
15. لەتێ پیاو(کورتەچیرۆک)
16. فاتیلا (ڕۆمان)

**لێکۆڵینەوەی کۆمەڵناسی، ئەدەبی و دیدار:**

17. لە پێناوی ژیانەوەی ئافرەتدا
18. ئازادکردنی مێژوو
19. شەرەفنامە، شەرەف کوژێکە بۆ کۆیلەکردنی ژن
20. زمان، ڕامان و ناسنامە
21. کارەساتی ئەنفال، کاریگەرییە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانی
22. ژن و کۆمەڵگە لە قۆناغی باڵندەیی شێرکۆ بێکەس دا
23. وشەباران
24. لە فێنیزمەوە تا هیومانیزم
25. ئافرەتیزم/ مێژووی سەدساڵ تێکۆشان بۆ مافی یەکسان لە باشووری کوردستان.

**وەرگێڕان لە عەرەبی و ئینگلیزییەوە:**

26. شیعر هەناسەی گەردوونە(هەڵبژاردەیەک لە شیعری هاوچەرخی جیهانی).
27. دانپیانانێکی پیاوانە (١٢ کورتەچیرۆکی د. نەوال سەعداوی)
28. نانی ژەهراوی (شانۆنامە لە نووسینی ڤیسلین هانچێڤ)
29. جینۆساید/ هۆلۆکۆست، کۆکوژیی جولەکەکان لە لایەن ئەڵمانیای نازییەوە. نووسینی: ئارێل هورۆتز. (لە ئینگلیزییەوە)
30. جینۆساید/ کۆمەڵکوژیی لە خاکی هەزار گرددا، ڕواندا ١٩٩٤. نووسینی:بنیامین نیوبێرگەر (لە ئینگلیزییەوە).
31. جینۆساد/ کۆمەڵکوژی ئەرمەنەکان، لە یادکراو و نکۆڵیلێکراو. نووسینی: پرۆفیسۆر یایر ئاورۆن.(لە ئینگلیزییەوە)

**کتێبی پەروەردە و فێرکردن، کتێبی هاوبەش لەگەڵ نووسەری تر:**

32. گەرمیان
33. باوەگوڕگوڕ
34. دیلان

٢٥- (سۆز و وشە):

**ئەی دایە گیان**
**ئەو پیتانەی ناوەکەتی تیا سەوز ئەبێ**
**ئەیکەمە ملوانکەی ژیان**
**ئەو سۆزەی لە دڵەکەتدا گەورە ئەبێ**
**ئەیکەم بە نان**
**بۆ هەژاران**
**ئەو فرمێسکانەی لە چاوتا**
**ئۆقرە ناگرن**
**ئەیکەم بە ژان**
**بۆ گشت زۆردارانی جیهان**
**ئەو وشانەی کە منت پێ لاواندەوە**
**تا گەورە بم بۆ نیشتیمان**
**ئەیکەمە دێری هۆنراوەم**
**ئەیکەمە دەریا و سەرچاوەم**
**ئەو کۆشەی کە تیایدا ژیام**
**ئەیکەمە هێلانەی هیوام**
**ئەوسا دایە..**
**چی خەم هەیە لەم دنیایە**
**هەمووی ئەبێتە زریانێ**
**کۆچ ئەکات و**
**باخچەکانی وڵاتەکەم**
**گوڵاڵەی ڕاستیم بۆ ئەگرن**
**هەڵناوەرن.. هەڵناوەرن.**
**......................کانونی دووەمی ١٩٨٠**

٢٦- ژن لە دیدگای مەهاباد قەرەداغی- دا پانتاییەکی زۆر وەردەگرێت، واتە هەر تەنیا لەیەک ڕەهەندەوە - بە نموونە بەرەنگاری - بەرخورد دەگەڵ ژندا ناکات، ئەو پێیوایە ژن مرۆڤ و خودان مافە، بۆیە لە هەموو ڕەهەندەکانەوە بەرگری لێ دەکات و لەگەڵ بەرگریشدا بە بەشە جوان و میهرەبانەکەی ژیانی دەزانێت، هەر بۆ نموونە لە لاپەڕە (٥٢٨) ی دیوانەکەیدا:(دیوانی مەهاباد قەرەداغی، چاپی یەکەم، ٢٠١٣) و لە شیعری (ژن) دا دەڵێت:

**زەلیل بێ زەلیلین**

**دەلیل بێ دەلیلین**

٢٧- مەهابــاد قەرەداغــی: دیــوانی مەهابــاد قەرەداغــی، لە چاپکراوەکــانی مەڵبەنــدی گشــتی یەکێتیــی نووســەرانی کــورد - زنجیــرە(٥٥)، چــاپی یەکەم/ ٢٠١٣، ل٧٦

٢٨- هەر سەرچاوەی پێشوو، ل٧٧ - ٧٨

٢٩- هەر ئەو سەرچاوەیە، ل ٨٨ -٨٩

٣٠- هەر ئەو سەرچاوەیە، ل١١١ -١١٢

٣١- حەمەسەعید حەسەن: شیعر و تەور: ل١١٩، لە: رومان یاکبسون: قضایا الشـعریة، ترجمـة: محمـد الـوالي و مبـارک حنـوز/ دار توبقـال للنشـر- الـدار البیضـاء - ١٩٨٨- ص٨

٣٢- مەهاباد قەرەداغی: ئەدەبی بەرگری و ئازادی ژن: گۆڤاری شیکار ، ژ/ ٢١، ل٨٣ .

٣٣- مەهابــاد قەرەداغــی: دیــوانی مەهابــاد قەرەداغــی، لە چاپکراوەکــانی مەڵبەنــدی گشــتی یەکێتیــی نووســەرانی کــورد - زنجیــرە(٥٥)، چــاپی یەکەم/ ٢٠١٣، ل٨٤

٣٤- سەرچاوەی پێشوو، ل٩٢ - ٩٦

٣٥- سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٦

٣٦- مەهاباد قەرەداغی; لە دیدارێکدا لەگەڵ توێژەر، هەولێر، ٢٠١٨/٣/١٢

٣٧- مەهابــاد قەرەداغــی: دیــوانی مەهابــاد قەرەداغــی، لە چاپکراوەکــانی مەڵبەنــدی گشــتی یەکێتیــی نووســەرانی کــورد - زنجیــرە(٥٥)، چــاپی یەکەم/ ٢٠١٣، ل١٠٤

٣٨- سەرچاوەی پێشوو، ل١١٩ - ١٢٠

٣٩- حوسێنی کوڕی مەنسووری زانا و سۆفی عێراقی، ناسراو بە حەللاج لە ساڵی ٨٥٨ لە دایکبووە و لەسەر سووربوونی لەسەر بیروڕاکانی، تایبەت وتە بەنێوبانگەکەی: (من حەقم)، لە دار دەدرێت .

٤٠- ژاندارک - ی فەرەنسی لە ساڵی ١٤١٢ لە خێزانێکی جووتیار لە دایک دەبێــت و لەســەر ســووربوونی لە ســەر بیروڕاکــانی، تــایبەت وتە بە نێوبانگەکەی:(لە خەوندا خوام بینیوە)، لە دار دەدرێت.

٤١- مەهابــاد قەرەداغــی: دیــوانی مەهابــاد قەرەداغــی، لە چاپکراوەکــانی مەڵبەنــدی گشــتی یەکێتیــی نووســەرانی کــورد - زنجیرە(٥٥)، چاپی یەکەم/ ٢٠١٣، ل٦٥

٤٢- سەرچاوەی پێشوو، ل٧٩

٤٣- هەر ئەو سەرچاوەیە، ل٩١

٤٤- هەر ئەو سەرچاوەیە، ل ٦٧ -٦٨

٤٥- هەر ئەو سەرچاوەیە، ل ١١٧

٤٦- هەر ئەو سەرچاوەیە، ل ١٢٢ - ١٢٣